ڕۆمان

# کوێرەی چاوساغ

سابیر ڕەشید



سابیر ڕەشید
کوێرەی چاوساغ
ڕۆمان

ڕۆمان

# کوێرەی چاوساغ

سابیر ڕەشید

ناوی کتێب: کوێرەی چاوساغ
بابەت: ڕۆمان
نووسەر: سابیر رەشید
پیتچنین: کاوە حوسێن
هەڵەچن: نووسەر
نەخشەسازی ناوەڕۆک و بەرگ: جەوهەر فەتاح
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم.
چاپخانە: تاران
نرخ: ١٥٠٠ دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (٧٤)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

# دەستپێک

**کە چوویتە شاری کوێران**

**دەبێ دەست بە چاوتەوە بگریت**

- پەندی کوردی -

لە وەتەی بۆ بەشداریکردنی ئەم پێشبڕکێیە پێیانگتووم، هەموو کات بیر و هۆشم لای ئەوەیە، من دەبێ لەم ماوەیە دیاریکراوەدا ڕۆمانێک بنووسم و بەشداریکی ئەم ڤیستیڤاڵە بم. شەوان لەسەر جێگاکەم پێش نووستن ماوەیەک بیردەکەمەوە تا بیرۆکەیەکم بە مێشکدا بێت و لەگەڵ خۆیدا بەناو رووداو و بەسەرهاتەکانیدا رامبماڵێ و دواتر پشووم پێ بدات. حەزدەکەم ڕۆمانێک بنووسم شایانی ئەوەبێت خەڵاتی ڤیستیڤاڵەکە بەدەستبێنم، ئەگەرچی کارێکی وا ئاسانیش نییە، چونکە دەمزانی چەند ڕۆماننووسێکی بەتوانا بەشداری تێدا دەکەن و منیش، ئەگەر ڕۆمانێکی ناوازە و فرەدەنگ نەنووسم ناتوانم بەرانبەریان بوەستم، بۆیە هەموو هەوڵی خۆم دەخەمەگەڕ، مێشکی خۆم زیاتر دەورووژێنم، زیاتر هێز دەدەمە بیرکردنەوە و قەڵەمەکەم. خۆ ناشبێ خۆم بە

بەرهەمە کۆنەکانم مژوڵ بکەم، چونکە هیچ سوودێکی نییە و یەکێک لەو مەرجانە ئەوەی بەشداری دەکات دەبێ دەقێک پێشکێش بکات پێشتر لە هیچ جێگایەکدا بڵاونەکرابێتەوە، مەرجێکی تریشی ئەوەیە کە ڕۆمانەکە لەبارەی پێشمەرگە بێت و دوا مەرجیش ئەوەیە کە ڕۆمانەکە پیتچنین کرابێت و دانەیەکی لەسەر کاغەز راکێشرابێت و بە سیدیش پێشکێش بکرێت. ماوەی بەشداریکردنەکەش سێ مانگیان بۆ داناوە. ئەم مەرجانە هەموو بۆ من ئاساییـن، چونکە خۆم بە کۆمپیوتەر دەینووسم و دەتوانم بە سیدی و لەسەر کاغەز پێشکێشی بکەم. تاقە کێشەم بیرۆکەی ڕۆمانەکەیە دەنا لە نووسینیشدا دەست تەڕم، من ئەوەندە توانای نووسینم هەیە و ئەزموونێکم لە نووسینی ڕۆمان و نۆڤڵێت و چیرۆکدا هەیە. لەبەر ئەوەی خۆشم رەخنەگر و لێکۆڵەری بواری چیرۆک و ڕۆمانم لەبارەی تەکنیک و وردەکاری هونەری ڕۆمان شارەزام، ئەگەرچی دەیان ڕووداو و تۆماری نەبەردی پێشمەرگەم لە مێشکدا کۆبۆتەوە، چ ئەم چیرۆک و ڕووداوانەی خەڵک و برادەر و ناسیاو بۆیان گێڕاومەتەوە، چ ئەم کارەسات و ڕووداوانەی لەناو یاداشتنامە و بیرەوەرییەکاندا خوێندوومەتەوە، یان لە چیرۆک و ڕۆمانی تردا خوێندوومەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش هێشتا بیرۆکەیەکی وەها چەسپاو لەناو مێشکمدا گوزەری نەکردووە. بیر لەوە دەکەمەوە ئەم ڕووداوانە بکەم بە ڕۆمان، کە بەسەر خێزانی خۆمدا هاتووە، بەتایبەتیش ژیانی پێشمەرگایەتی باوکم،

ئەودەمانەی دوای تێکچوونی ئاگربەستی ساڵی ١٩٧٤ کاتێ کە ئاگربەستەکەی چوار ساڵە نەما، خەڵکەکە ئەوەی لەخۆی دەترسا و ناوی لەناو ناوان بوو، چەکیشی پێ هەڵدەگیرا هەموو کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە هەر کەسە لەلای خۆیەوە پێی خۆی هەڵدەگرت و شاری جێدەهێلا، ئەو خەڵکە زۆربەی ڕوویانکردەوە شاخ و خۆیان گەیاندەوە ناوچە ئازادکراوەکان، بوونەوە پێشمەرگە. زۆرێک لەو خەڵکە ماڵ و منداڵی خۆیان جێهێشت و لەبەر دەستی ڕژێم مانەوە. ئیتر ئەو خێزانانەی پێشمەرگە کە لە شار مانەوە دەرد و چەرمەسەری و ئازاری دەروونی و ناخۆشی زۆریان بەسەرهات. من هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێتەوە ئەو کاتە باوکم لەگەڵ دوو مامم و هاوڕێکانی پێکەوە ڕۆیشتن. هەمووان لە ترسی ژیانی خۆیان و بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسییان ڕوویانکردەوە شاخ، ئێمەش بە ترس و لەرزەوە لەژێر دەستی ڕژێمێکی ستەمکار و داپڵۆسێنەر درێژەمان بە خوێندنی خۆماندا و بەم ترس و تۆقینەوە لەژێر هەڕەشە و ئازاری دەروونییەوە و لەژێر هەژموونی سەختی ژیان و باری گوزەرانییەکی مەمرەو مەژی، بێ باوکیمان پێوە دیاربوو. هەرکاتێک ڕژێم دەستی بە شالاوی ماڵە پێشمەرگەکان دەکرد، ئێمە ئەم ڕۆژانەمان لێ دەبووە بە دۆزەخ و ڕۆژەکان و شەوەکان تێنەدەپەڕین، هەمیشە بیرمان لەوە دەکردەوە ئێستا نا دەمێکی تر، ئەمشەو نا شەوێکی تر بەسەر ئێمەش دادەدەن و وەک ئەو خەڵکەی تر دەمانخەنە ناو زیندانە تاریکەکانی خۆیانەوە.

تا لە نسکۆی شۆڕشی کورددا لە ساڵی ١٩٧٥ دۆڵ دڕاو تەقەی بڕا، هەر کەسە بەرەو شاری خۆی و ماڵی خۆی گەڕایەوە. باوکم و هەردوو مامیشم وەک زۆربەی ئەو خەڵکە بە خەمبارییەوە گەڕانەوە لامان و بە ناشادییەوە جارێکی تر بەیەکتر شادبووینەوە. ئەم کارەساتە کە خێزانی ئێمە دیمان دەکرێ وەک باکگراوەندی ڕۆمانێکی تراژیدی بنووسرێتەوە رووداوەکانی ئەوەندە پڕ لە ژانن، دڵنیام دەبن بە تانوپۆی ڕۆمانێک، بەڵام من هێشتا ئەم بیرۆکەیەم پێ بەس نییە بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە تا بۆ پێشبڕکێی ڤێستیڤاڵەکە بینووسم، بۆیە من ئەم ماوەیە بیرم لە بیرۆکەیەکی تری هاوشێوە و نزیکی ناو خێزانەکەم و کارەساتی رۆیشتنی باوکم. دوای ئەو چیمان بەسەرهات، لەگەڵ ئەمەش بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە هەر تەنیا ئەو رووداوانەم بەسەرکەوتنی ڕۆمانەکە نەدەزانی، بۆیە لەو ساوە کە بۆ ڕۆمانەکە پێیانگتووم بیرم لە بیرۆکەیەکی تر دەکردەوە، لەناو مێشکی خۆمدا دروستی بکەم و تێکەڵی رووداوەکانی خێزانی خۆمی بکەم، تا ببێت بەم ڕۆمانەی بتوانم بڵێم ئۆخەی و ئیتر شایانی ئەوە بێت پێشبڕکێی هاوڕێکانمی پێ بکەم، چونکە لە پێشبڕکێکاندا ئەو کەسەی بەشداری دەکات دەبێ بتوانێ بەرهەمێکی وا بخاتە بەردەم لیژنەی دادوەری و هەڵسەنگاندن، کە دەبێ هیچ نەبێت بەرهەمێکی پڕ جووڵە و نوێ و جیاواز بێت، چونکە نووسەرانی تریش بەرهەمی باشی خۆیان پێشکێش دەکەن، هەر کەسە بۆ خۆی هەوڵی بەرهەمێکی ناوازە دەدات.

منیش ئەو کاتەی بیرم لە بەشداریکردنی ڤێستیڤاڵەکە کردەوە، بۆ نووسینی ڕۆمانەکە تەنیا بەسەرهاتی باوکمم لە مێشکدا هەبوو، بەڵام ماوەی سێ مانگیش کەم نەبوو، کە بتوانم بە ڕۆمانێکی پڕ جووڵە بەشداربم.

ڕۆژێکیان هەر بە خەیاڵی ئەم ڕۆمانەوە چوومە باغی شار، کە کرابوو بە شوێنی تەقاویت و بەساڵاچووان تا بتوانم لەوێ چایەک لەگەڵ برادەرە بەساڵاچووەکانم بخۆمەوە و گوێشم لە قسە و چیرۆکەکانی خەڵک بێت بەتایبەتی تەقاویت و بەساڵاچووەکان، کە لەو چایخانەیەدا لەگەڵ یەکتر کۆدەبوونەوە، بەڵام ئەمڕۆژە ئەوەی لەوێ دانیشتبوو و لەسەر مێزی هاوڕێکانم بوون هەموویان باسی کێشە و گرفتی مووچەیان دەکرد. دەیان چیرۆکی سەیر سەیر و جۆراوجۆریان لەبارەی باری گوزەران و دۆخی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی شیرازەی خێزانەکان دەگێڕایەوە. ئەم چیرۆکانە تاڕادەیەک بۆ من جێگای قووڵبوونەوە بوون، چونکە چیرۆکنووس و ڕۆماننووس پێویستە لەناو خەڵکەوە کەرەستە و بابەتەکانی خۆی دروست بکات و ئاگاداری هەموو ناخۆشی و چیرۆکە تراژیدیاکانی خەڵک بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەم چیرۆکانە نەبوونە هەوێنی ئەم ڕۆمانەی کە من دەمویست بەشداری پێشبڕکێیەکەی پێ بکەم.

ئەمڕۆژە زۆر بە بێ تاقەتی لە باغی شار هاتمە دەرەوە و بە دڵێکی زۆر خەمبارەوە بە دەم ئێش و ئازارەکانی ئەم خەڵکەوە ویستم پیاسەیەک بە دەوری قەڵاتدا بکەم و تۆزێک بیرو هۆشی خۆم بڕەوێنمەوە، چونکە منیش وەک

ئەوانـەی لـە چایخانەکـەی باغـی شـار بـوون مامۆسـتای خانەنیشـین بـووم و لـە ژانەکانـی ئـەو خەڵکـە دەگەیشـتم، بـەڵام لەگـەڵ ئەمـەش ئـەم ژانانـە لـەلای مـن خۆیـان کـۆ نەدەکـردەوە و نەدەبوونـە رامانـی سـەرەکی ڕۆمانەکـەم. دەمەوعەسـریێکی درەنـگ لـەم پیاسـەی دەوری قـەڵات گەیشـتمە نزیـک کومبارفرۆشـەکان و نزیـک دووکانەکانـی ژێـر هۆتێل سندباد، نزیک کۆنـە حەمامەکە بووم لـە ناکاو کامێـرای چـاوم لـەلای کابرایەکـی کوێـر وەسـتا، دیمەنـی ئـەو کابرایـە سـەرنجی بۆ لای خـۆی راکێشـام. کوێـرە بێ گۆچـان بـە رێـگادا دەڕۆیشـت و خەڵکی تووڕەیـان دەکـرد و گێچەڵیـان پێدەکرد، ئەویش بە جوێن وەڵامـی دەدانـەوە. هەندێک لەو کەسانە پێیاندەگوت:

چاوساغ، چاوساغ

ئـەو لێیاندەپاڕایەوە وازی لێبێنن تا بە رێی خۆیدا بڕوات، بـەڵام ئـەوان وازیـان لێنەدەهێنـا و ئەویـش بـە جوێـن وەڵامـی دەدانـەوە.

بڕێکـی پێچـوو چەنـد گەنجێـک بەدوایـدا دەڕۆیشـتن و سـروودی ئـەی رەقیبیـان بـۆ دەگـوت.

لەملاوە چەند گەنجێکیتر هاواریان کرد:

بژی کورد و کوردستان

ئەویـش لـەم قسـانە تـووڕە دەبـوو بـە هـاوارەوە بـە خەڵکەکـەی دەگـوت:

- بـڕۆن هـەی دایکتـان بـە نـۆ کیـران بگێـم، بـڕۆن بزانـن کێ لـەم کوردایەتییـەی خـواردووە ئـەم سـرووودە بـۆ ئـەوان بڵێن، بەوان بڵێن بژی کـورد و کوردسـتان، بەداخـەوە ئێوە

هێشتاکە فام ناکەن و تێنەگەیشتوون کێ کردوویەتی و کێش هاتۆتە سەر خوانی ئامادە. بڕۆن هەی بەنەفرەت بن خۆتان و بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە، لەوەتەی من بیردەکەمەوەو فام دەکەم حکوومەتم لەم حکوومەتەی خۆمان سەگباب تر نەدیوە، حکوومەتم لەم حکوومەتە ناپاک و دزتر نەدیوە، بڕۆن هەی بەر نەفرەت و غەزەبی خوا بکەون خۆتان و حکوومەتە گەندەڵەکەتان، هەر ئەم حکوومەتە بۆ نەزانی وەک ئێوە باشە پیرۆزتان بێت. ئەم دیمەنە زیاتر سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشا، لە دڵی خۆمدا گوتم: (دۆزیمەوە، ئەم ڕۆمانەی من دەمەوێ بینووسم ناوەرۆکەکەی لای ئەو پیاوە کوێرەیە کە پێیدەڵێن چاوساغ). ئیتر وازم لە پیاسەکەی دەوری قەڵات هێناو بەدوای کوێرە کەوتم تا بزانم دەچێتە کوێ و چۆن دەژی و نهێنی ئەم جنێودانە و پەرچەکرداری بۆ کوردایەتی چییە؟ تا لەوێ لە خۆی و دەوروپشتی خۆیدا بپرسم و چیرۆک و بەسەرهات و ژیانی ئەو پیاوە بکەمە ئەم ڕۆمانەی کە من دەمویست بینووسم. تازە تەواو ئیتر دەینووسم و هەوێنی ڕۆمانەکەی من دروست بوو.

# بەدواداچوون

**ئێمە لە هەموو چرکەیەکدا**

**بە کوێریی سپی گەمارۆ دراوین**

ساراماگۆ

لە ڕۆمانی (کوێری)دا

ئـەو خەڵکـە وازیـان لێنەدەهێنـا، ئـەو هـەر دەڕۆیشـت و دەیویسـت بگەڕێتـەوە ماڵـی خـۆی، خەڵکەکـەش زیاتـر پەسـتیان دەکـرد. چەنـد گەنجێـک فیکەیـان بـۆ لێـدەداو سـروودی ئـەی ڕەقیبیـان لـە پشـتییەوە دەگـوت. هەندێکیـش هوتافـی بـژی کـورد و کوردسـتانیان بـۆ دەگـوت. هەبـوو هـاواری دەکـرد: بـژی حکوومەتـی هەرێـم.
ئەویـش وەک پیشـەی هەمیشـەیی وەڵامەکانـی بـۆ ئـەو خەڵکـە جنێـودان بـوو بـە حکوومەتـی هەرێـم. منیـش زۆر بیـرم لـەم بابەتـە کردەوە، دوایـی لـە دڵـی خۆمـدا گەیشـتمە ئـەو ڕاسـتییەی ئـەو کابرایـە هەبـێ و نەبـێ کێشـەیەکی دەروونـی لەگـەڵ کوردبـوون و کـورد و کوردسـتاندا هەیـە. بۆیـە وا لێـی بۆتـە گرێـی دەروونـی و کـە گوێـی لـەم وشـانە دەبێـت ئـەو پێـی قەڵـس دەبێـت و لێـی دەبێتـە هەڵچوونێکـی

دەروونی. بڕیارمدا بەدوایدا بچم و شوێنی نیشتەجێیەکەی بدۆزمەوە و لەوێش لەم ماڵانەی دەوروبەریدا، لەو خەڵکەی کە لە نزیکەوە دەیناسن، یان جیرانی ئەون لێیان بپرسم و بگەمە بنج و بناوانی ئەم نهێنییە و گرێکوێرەی ژیانی بکەمەوە، چونکە لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ((رەنگە کوێرە چیرۆکی سەیرو سەمەرەو تراژیدی لەبن بالیفی بێت، دیارە کارەساتی جەرگبڕی دیوە بۆیە وا بەم قسەو ناوانە هەڵدەچێ و دەماری بە هەموو شتێکی کوردایەتی دەگیرێ، ئەگەر وانەبێت بۆچی بەم قسە و وشە و سروودە تێکدەچێ و جنێو دەدات و شێت و هاردەبێت و وەک فیشەکە شێتە هەڵدەچێ.

ئەوەی تریش کە من حەزدەکەم بچمە بنج و بناوانی بابەتی کوێری و چاوساغییەتی، دەبێ بۆم روونبێتەوە ئاخۆ ئەو پیاوە کوێرە، یان چاوساغە، ئەگەر کوێرە بۆچی بە چاوساغ بانگی دەکەن و تووڕە دەبێت، ئەگەر چاوساغیش بێت بۆچی وەک کوێران بە رێگادا لەسەرەخۆ دەڕوات. ئەوەی زیاتریش سەرم لێی سووڕماوە رۆیشتنیەتی بێ گۆچان. ئەوانە هەموو پرسیار بوون و من بۆ نووسینی ڕۆمانەکەم دەبووایە بەدواداچوونی بۆ بکەم و نهێنییەکان هەڵبدەمەوە.

سەرتان نەیەشێنم من پاش ئەو عەسرە درەنگە کە کاتەکەش بەرەو رۆژئاوا بوون دەچوو، خەڵک وردە وردە بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕانەوە. منیش زانینی نهێنی و سەربردەی ئەو پیاوە لە کەللەی دام. پێ بە پێ و هەنگاو بە هەنگاو بەدوایدا رۆیشتم تا لە کۆڵانێکی کۆنی نزیک

گۆڕستانی تەیراوە لە دەرگایەکی دا. دوای ماوەیەکی کەم کچێکی جاحێڵم بینی، هات دەرگاکەی لێکردەوەو کوێرە چووە ژوورەوە، منیش خانووەکەم دەستنیشانکرد و گەڕامەوە ماڵەوە. ئیتر ئەمڕۆژە تا ئێرە توانیم بگەمە یەکەم وێستگەی پشکنینەکەم. کە چوومەوە ماڵەوەش لە ڕێگادا بیرو هۆشم لەوە بوو چۆن بتوانم بگەمە ناو ئەم ماڵە، چونکە ئەگەر بگەمە ناو ماڵی کوێرە ئەوا بێشک دەتوانم گرێی نهێنییەکانی ژیان و ناو ماڵی کوێرە بکەمەوەو لاپەڕە شاردراوەکانی بدۆزمەوەو ئیتر لەوە بگەم ئەو کابرایە بۆچی بە وشەی کورد و کوردستان و کوردایەتی تێکدەچێ، ئەوسا دەتوانم ئەم چیرۆک و نهێنیانەی کوێرە بکەم بەم ڕۆمانەی کە مەبەستمە بینووسم. ئەوکاتە لەوەش دەگەم ئاخۆ چیرۆکەکانی ژیانی کوێرە شایانی ئەوەن ببنە ئەم ڕۆمانەی کە من دەمەوێ بینووسم، یان شایانی ئەوە نین.

منیش دەچمە ئەو ماڵە خۆ هیچ زیانی نییە، یان ئەم چیرۆکانە دەکەم بە ڕۆمانەکە و لە پێشبڕکێکەدا پێشکێشی دەکەم و بەختی بردنەوەشم دەبێت، یانیش وەک خۆی لەم ماڵە دێمە دەرەوە، خۆ ئەوسا هیچ نەبێت ئەو نهێنییە ئاشکرا دەکەم، کە کوێرە بۆچی بەم قسە و وشانە شێت و هار دەبێت و بەرگە ناگرێ و بە جنێو وەڵامیان دەداتەوە.

ئیتر دەبووایە من بگەمە ناو ماڵی کوێرە تا لە نزیکەوە و لە زاری خۆیەوە ئێش و ئازارەکانی بنووسمەوەو گرێکوێرەی نهێنییەکانیشی بۆ خوێنەر بدرکێنم لەم

ڕۆمانەی، ئەگەر بینووسم ناوی دەنێم (کوێرەی چاوساغ).
ئەم شەوە کە چوومەماڵەوە تا درەنگانی شەو خەو نەچووە چاوەکانم تا دوا هێڵ و هێمام لە مێشکی خۆمدا دارشت، ئینجا خەوم لێکەوت.
بەیانی لە خەو رابووم و نانم خوارد و ماوەیەک دالغەی ئەوەم لێدا چۆن بچمە ماڵیان و چۆن داوای بەکرێگرتنی ژوورێکی لێبکەم لە ماڵەکەیدا، چونکە من لە ماڵی خۆشمدا لەگەڵ ژنەکەم هەمیشە شەڕی پارەو خەرجیم هەبوو، بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا کە قەیرانی دارایی بوو لە هەرێم، حکوومەت چارەگە مووچەیەکی دەدایە فەرمانبەران و ئەوەی دیکەشی بە بیانووی پاشەکەوتکردن نەدەدرا، تەنانەت لەو کاتەشەوە کە مووچە وایلێهات حکوومەتی هەرێم بەردەوام پارەی سێ مانگ قەرزاری فەرمانبەران بوو، ئەمەش گرانی بازاڕ و نەبوونی ئیشوکار و دابەزینی نرخی خانوو و زەوی و ئۆتۆمبێلی لێکەوتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارە لە بازاڕدا زۆر کەم بووەوە بازاڕیش بەرەو کزی چوو، ئەگەرچی بۆ فەرمانبەران هەر گرانی بوو، چونکە پارەکە نەماو نرخی کەلوپەل و خۆراکیش هەروەک خۆی بوو، بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە تەنیا کاری حکوومەتیان دەکرد ژیانیان سەخت بوو، بۆ منیش هەر وابوو لەبەر ئەوەی من تەنیا کاری حکوومەتم دەکرد و کرێچیش بووم بۆ من زۆر سەخت بوو، چونکە مووچەکەش لەگەڵ ئەوەی زۆر کەم کرایەوە، بەڵام تۆ وەرە سێ مانگ جارێک بە چارەگە مووچەیەکیش بژیت، زۆر سەختە، هەی

حکوومەتـی هەرێـم.
منیش ئـەو خانووەی تێیدا دەژیام نیوەی مووچەکـەی مـن بـوو، خـاوەن خانـووش نرخەکـەی بـۆ دانەبەزانـدم بۆیـە مووچەکەشـم بەشـی ژیانـی مـن و خێزانەکەمـی نەدەکـرد، ئەگەرچـی مـن وجاغکوێـر بـووم و تەنیـا خـۆم و خێزانەکـەم بووین، بـەم چارەگـە مووچـە و سێ مانـگ جارێـک مووچـە وەرگرتنیش ژیانـی ئێمـەی سـەخت کردبوو. هاوسـەرەکەشـم ژنـی ماڵـەوە بـوو، مووچـەی نەبـوو، بۆیـە ئـەوەی لـە ماڵـی ئێمـەدا بەهـای نەبـوو، خـۆی نەدەگـرت تەنیـا پـارە بـوو، منیش بەشـێکی مووچەکـەم بـۆ کڕینـی کتێـب و ڕۆژنامـە و گۆڤـار و دانیشـتنی چایخانـە بـوو، ئەمـەش وایکردبـوو مـن و هاوسـەرەکەم هەمـوو کات شـەڕمان بـوو، ئـەو دەیگـوت: (تـۆ بۆچـی بـەم قەیرانـە دەسـت بـە پارەوە ناگـری و واز لـە کڕینـی کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامـە بێنـە و ئەوەندەش مەچـۆ بـۆ چایخانـە).
بۆیـە بیرۆکـەی بەکرێگرتنـی ئـەم ژوورە بیرۆکەیەکـی چـاک بـوو بـۆ ئێمـە، ئەگـەر ببمـە کرێچـی کوێـرە ئێتـر لـەم کێشـەی قەیرانـی داراییـە تاڕادەیـەک ڕزگارم دەبێـت و لەملاشـەوە دەبـم بـە هاوماڵـی ئـەوان و بـەردەوام پێکـەوە دەبیـن و دەتوانـم شـەوان لەکاتـی پێکـەوە دانیشـتنمان لـە هەمـوو نهێنییەکانـی بگـەم و چیرۆکەکانـی بزانـم و ئـەم ڕۆمانـە بنووسـم. هێشـتاکە ئـەم بیرۆکەیـەم بـە خـەڵات نەگوتبـوو، بـەڵام دڵنیابـووم، ئەگـەر بەکرێیەکـی کـەم، کوێـرە ژوورێکـم لـە ماڵەکـەی بداتـێ، ئـەوا بـێ بگرەو بـەردە دەتوانـم ماڵەوەمـان ڕازی بکـەم، چونکـە پارەیەکـی باشـمان

بۆ دەگەڕێتەوە تا کێشەی ئەم قەیرانە چارەسەر دەبێت و دوای ئەمەش خودا کەریمە.

خۆشم ناوماڵێکی وەها قەبەم نەبوو، ئەوەی هەمبوو و زۆر بوو تەنیا کتێبەکانم بوو. مرۆڤی نووسەر چی هەیە لەناو ماڵەکەیدا لە کتێبەکانی زیاتر، بۆیە دەمتوانی کتێبەکانم لە هەیوانێکی ئەم ماڵەدا، یان لە هەیوانەکەی کە دەکەوێتە پێش ئەو ژوورەی دەیگرم جێیان بکەمەوە، ئەمە ئەگەر بوو بە بەشم و بوومە کرێچی کوێرە.

لەگەڵ خەلات قسەم کرد و رازیم کرد. بەیانییەکەی هێشتا کوێرە لە ماڵ دەرنەچوو بوو، من لە دەرگای ماڵیانمدا، خۆم وا نیشاندا کە ناتوانم لە خانوویەکدا بژیم، ئەگەرچی تەنیا خۆم و هاوسەرەکەشم بین و مووچەکەشمان بۆتە چارەگێک و بە سێ مانگ جارێک وەریدەگرین و خەلاتیش وەک من فەرمانبەر نییە، بۆیە پەنام بۆ ئەوان هێناوە، تا ژوورێکم لە ماڵەکەیاندا بەکرێ بدەنێ.

سەرەتا کوێرە لێی پرسیم:

- چەند کەسن؟

- تەنیا خۆم و هاوسەرەکەم و منداڵمان نابێت.

دوایی کوێرە پرسی بە کچەکەی کرد، ئەویش گوتییە باوکی:

- ئەگەر تۆ رازی بیت من لاریم نییە، مادام ئەوانە تەنیا دوو کەسن، لە ماڵی ئێمەدا لە ژوورێکدا جێگایان دەبێتەوەو بۆ منیش دەبن بە ئاودەنگی و تەنیاییم دەرەوێننەوە.

ئینجا کە بەڵێنی ئەوەم پێدا ئێمە بۆیان دەبینە پشت و پەنا و بەهۆی ژوورەکەی ئەویشەوە ئەو خێزانێک لەم قەیرانە ڕزگار دەکات و دەبێتە خێری خێزانە کۆچکردووەکەشی، ئەو رازی بوو ژوورەکەم بەکری بداتێ.

دوایی لەسەر کرێکەشی ڕێککەوتین و مایەوە بچم لە ماڵەوە خەڵاتی خێزانم ببەم و ماڵەکەمان بگوزاینەوە ماڵی کوێرەو ببین بە هاوماڵی ئەوان.

# بنج و بناوان

**ئێمە بۆ رابردوو ناگەڕێینەوە**
**لەبەر جوانییەکەی، بەڵکو**
**لەبەر ناشیرینی ئێستایە!!**
- عەلی ئەلوەردی -

لـە پشـکنینەکانمدا بـۆ دۆزینـەوەی نهێنییەکانـی کوێـرە بـەردەوام بـووم، تـا ئەودەمـەش کـە بوومـە کرێچـی ئـەو زانیـاری تـەواوم لـە نهێنـی ژیانـی ئـەودا نەبـوو، بـەڵام ئـەوەی بۆ مـن بـاش بـوو، لـە نووسـینی ڕۆمانەکەشـدا بـۆ ئـەم پێشـبڕکێیە بـە کەڵکم دەهـات، ئەوەبـوو مـن دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە کرێچیاتـی ئـەو لـە بنەچـە و شـتە نهێنییەکانـی یەکترمـان دەپرسـی و لـە هەندێـک پرسـیار و وەڵامـدا، ئەوەنـدەی لـێ حاڵـی بـووم ئـەو لـە پێشـمەرگایەتیدا کوێـر بـووەو ئەمـەش بۆ مەرجی ڕۆمانەکـە گرینگ بـوو، ئـەوەی کـە لێشـی بووەتـە گرێکوێـرە و بـە کوردایەتـی قەڵـس دەبێـت ئەوەیـە ئـەو پیـاوە هەمـوو ژیانـی خـۆی لەسـەر کوردایەتـی دانـاوەو لەبـەر کوردایەتیـش وایلێهاتـووە و هیچیـان بـۆی نەکـردووە. بۆیـە بـە نازنـاوی چاوسـاغ و

وشـەی کوردایەتـی و ستایشـی حکوومەتـی هەرێـم پەسـت و دڵگیـر دەبێـت، ئـەوە پەرچەکردارەکەیەتـی و ئەمانـەش بابەتـی گرینگـی نـاو ڕۆمانەکـەن و ئـەم سـەربردەو چیرۆکانـە دوایـی لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا دەخەمـە بـەردەم خوێنەرانـی ڕۆمانەکـە، چونکـە دەبیَ بۆ ڕاکێشـانی خوێنـەر هـەر لـە سـەرەتای ڕۆمانەکـەدا ئـەم نهێنییانـە زوو بـۆ خوێنـەر نەدرکێنـم، چونکـە ئەوکاتـە جوانـی ڕۆمانەکـە بەدیـار ناکەوێـت، بـەڵام خـۆ دەبیَ ئـەم بەشـەی بۆ ژیانـی پێشـمەرگایەتی تەرخـان دەکـەم و هـەر لـەم بەشـەدا نهێنـی بـە گژداچوونـەوەی ئـەو خەڵکـە و گرێکوێـرەی کوردایەتییەکـەی و کاردانەوەکانـی بەرانبـەر کوێرایەتـی و چاوسـاغی و نەسـاغی ئـەو ڕوونبکەمـەوە و ئەمـەش دەبیَ لـە ڕۆمانەکـەدا بایەخـی پێبـدەم، چونکـە لەگـەڵ بابـەت و مەرجەکانـی ڤیسـتیڤاڵەکەدا یەکتـر دەگرنـەوە.

ڕۆمانەکـە لەسـەر پێشـمەرگایەتی ئـەو پیـاوە بنیـاد دەنریَ، بەڵام با جاریَ بچینە بنج و بناوانی ئەو پیاوەو لێی حاڵـی بیـن، ئـەو بنەچـەی لـە کوێـوە هاتـووە و چـی وایلێکـردووە بگاتـە ڕۆژگاری ئەمڕۆی، دوایـی بۆمـان دەردەکـەویَ ئاخـۆ ئـەو هـەر تەنیـا ئـەو کچـەی هەیـە، یـان منداڵـی تـری هـەن و لای نیـن، یـان هەیبـووە و مـردوون، یـان سـەفەری دەرەوەی وڵاتیـان کـردووە. بەهـەر حـاڵ لـەم ڕۆمانـەدا خوێنـەر تووشـی چاوەڕوانـی هەمـوو ئـەم وەڵامانـە دەکـەم و وادەکـەم وەک تیشـک خسـتنە سـەرێک لـە ڕۆمانەکـەدا وردە وردە نهێنـی کوێرەیـان بـۆ بدرکێنـم، ئەمـەش خاڵـی سـەرکەوتنی ڕۆمانەکەیـە. خـۆ ناشـبێت ڕۆمانەکـە هـەر

گێڕانەوەی ئاسایی بێت، وەک ڕۆمانی جاران بریتی بێت لە سەرەتا و گرێچن و کۆتایی کە جاران باوبوو، منیش هەرچییەکم بەدەستکەوت لە چیرۆکە نهێنییەکانی کوێرە هەروا وەک خۆی بە شێوازی تایبەتی خۆم بیاننووسمەوەو بیدەمە خوێنەر، ئەوسا ئەو خوێنەرە زیرەکەش کە بێگومان ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ڤێستیڤاڵەکەش بە خوێنەری زیرەک دادەندرێن، ئەگەر وابێت ئەوانیش ئەم ڕۆمانەم بە خەوش دادەنێن. نابێ هەروا بە سادەیی ڕووداوەکان و چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە بگێڕمەوە، بەڵکو پێویستە بە تەکنیکێکی زۆر هونەری بتوانم ئەو پیاوە کوێرە بکەم بە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەم و چیرۆک و ڕووداوەکانی کە لێی وەردەگرم. بتوانم بە چەندان تەکنیکی سەردەم، ڕۆمانەکە بخەمە ناو لیستی ڕۆمانەکانی هاتووی ڤێستیڤاڵ، بەڵکو ئێ بتوانم وەک خەونێکی ئەدەبیم خەڵاتەکە بەدەستبێنم، یان هیچ نەبێت براوەی یەکێک لە سێ خەڵاتەکە بم، بەڵام من خواستم لەوە زیاترەو هەست بە توانای خۆم دەکەم و هەوڵی ئەوە دەدەم وای بنووسم تا ڕەزامەندی لیژنەی هەڵسەنگاندن بەدەستبێنم، هەر خۆم براوەی خەڵاتی یەکەم بم. ئیتر ئەم بەشە دەکەمە یەکەم وێستگە و دوای ئەوەی زانیارییەکان لە کوێرەو کچەکەی وەردەگرم هەوڵدەدەم ڕۆمانەکە بە تەکنیکی هێنانی کۆتایی بۆ سەرەتا بنووسم، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بگەمەوە ئەم شوێنەی کە کوێرە لەسەر شەقام و بەردەم دووکانەکانی بازاڕدا کە خەڵکەکە کە پێیدەڵێن: چاوساغ، یان سروودی

ئەی ڕەقیبی بۆ دەڵێن، یان بژی کورد و کوردستانی بۆ دەڵێن و ئەویش جوێن دەدات و تەنیا بە جوێن وەڵامی ئەو خەڵکە دەداتەوەو دەیەوێ دەنگیان کپ بکاتەوە، بەڵام من دەمەوێ لە نهێنی هەموو ژیانی ئەو بگەم و بیکەمە ئەو ڕۆمانەی کە خۆم خەونی پێوە دەبینم.
ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژێک لە هاوماڵیمان لەگەڵ ماڵی کوێرە و پرسینی لە خۆی و شانازی کچی وا ئێستاکە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەم بەم شێوەیە دەیگێڕمەوە کە دەمانباتەوە بۆ بنج و بناوانی کوێرە و خێزانەکەی.
ئەو بۆ باسکردنی بنج و بناوانی خۆی و خێزانەکەی، ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و بەدەم خواردنەوەی دیشلەمەیەک وای بۆ گێڕامەوە:
من بە بنەچە خەڵکی شاری مەهابادی کوردستانی ڕۆژهەڵاتم، کە خەڵکی ئەوێ سابڵاغیشی پێدەڵێن. ئێمە چوار براو خوشکێک بووین. من کوڕی دووەمی خێزانەکەمان بووم. برایەکی لە خۆم گەورەترم هەبوو ناوی بایز بوو، ئەو ئەوەندە پۆشتە و ڕێکوپێک و بە ویقار بوو بۆیە خەڵکی پێیاندەگوت بایز ئاغا، ئەو لەلایەن دایک و باوکیشم هەر خۆشەویست بوو، ئێمەش لەبەر ئەوەی برا گەورەمان بوو بۆیە زۆر ڕێزمان دەگرت و شکۆی لای هەموومان هەبوو. ئەو هەر لە منداڵییەوە تا گەورەش بوو هەر حەزی لە شەڕ بوو، لە کۆڵان هیچ منداڵێک نەیدەوێرا لەگەڵی بەشەڕ بێت، هەمیشە لە ماڵەوەو لە دەرەوە کە لێیاندەپرسی:
دەتەوێ لە دواڕۆژدا ببیت بە چی؟ ئەویش دەیگوت:

حەزدەکەم ببمە ئەفسەر.

ئیدی قەدەرەکەی ئەویش وەهابوو، خەونەکەی منداڵی هاتەدی و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووە ئەفسەر، چونکە کۆلێژی تەواو کردبوو، بەهۆی لێهاتوویی و بەژن و باڵا و کێشی و قیافەکەشی توانیبووی لەنێوان چەندان کەس بە ئەفسەر هەڵیبژێرن. ئەو گیانی کوردایەتی زۆر بەهێز بوو، سەریشی لە سیاسەت و ئابووری دەردەچوو، چونکە خۆشی بەکالۆریۆسەکەی لە ئابووریدا بوو. ئەو قازی محەمەد (پێشەوا)ی زۆر خۆشدەویست و بۆ کۆماری کوردستانیش زۆر دڵسۆز بوو. دوایی کە کۆمار کەوت و قازی محەمەد لە سێدارە درا، ئەو لەناو ماڵاندا خۆی شاردبووەوە، دوایی بە هەر جۆرێک بوو براکانم دەربازیانکرد و بەرەو کوردستانی باشوور هات، تا شار بە شار و دێ بە دێ، دواجار گەیشتە هەولێر. لە هەولێریش لە مزگەوتی شێخی چۆلی گیرسایەوەو مجێوری مزگەوتەکە لەناو ژوورەکانی دەرەوەی حەرەمی مزگەوت، جێگایەکی بۆ کردەوەو ژوورێکی بۆ چۆڵکرد و لەوێ مایەوە، بەڵام ئەو هێشتا بیروهۆشی لای کۆمار و چۆنیەتی لە دەستدانی ئەو خەونە و لە سێدارەدانی قازی وایلێکرد مێشکی تێکچوو، وەک جاران نەما تا کەوتە سەر جادە و وەک مرۆڤێکی ئاسایی جاران ڕەفتاری نەدەکرد. وێنەیەکی قازی محەمەدیشی لە یاخەی خۆی دابوو، هەمیشە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەش و بۆینباغێکی سووری لە ملدا بوو.

بایز ئاغای برام پیاوێکی باڵابەرزی جەستە پڕ و دەموچاو پان بوو، هەمیشە ئەگەر خەڵک سڵاوی لێکردبا ئەو وەک وەرگرتنەوەی سڵاوی سەربازی ئەفسەرێک، چەشنی سەردەمی ئەفسەری کۆماری کوردستان سڵاوی سەربازی وەردەگرتەوە. ئەگەر دووکاندارەکان بانگیان بکردبووایە و دیشلەمەیەکیان بۆ بانگ کردبا و دوایی بیاندواندبا ئەوا قسەی خۆی بۆ دەکردن، ئەگەر دڵیشی خۆشبووایە ئەوا لاوکی بۆ دەگوتن. ئێستاش لەبیرمە کە گوێم لە لاوکەکانی دەبوو هەمیشە کوردی و فارسی و عەرەبی تێکەڵ دەکرد و سەری هەموو لاوکەکانیشی ئەوەبوو کە دەیگوت:

به کوردی وەره خانم

به فارسی بیا خانم

به عارەبیش تعال خانم

ئینجا دوای ئەم لاوکە هەمیشە لاوکەکەی کاوێس ئاغای دەگوت ئەوەی دەڵێ: (کورد خائینۆ). ئەوەی تووڕەشی بکردبووایە، یان قسەی بە قازی محەمەد گوتبا، ئەو لەجێی خۆی تووڕە دەبوو، پڕی دەدایە دەستەکانی خۆی و قەمپاری لە دەستەکانی خۆی دەدا و بە هەردوو دەستی لە چۆکی خۆی دەدا و دواییش بە لە خۆدانەوە دانیشتنەکەی بەجێدەهێشت.

خەڵکی هەولێر زۆربەیان فێربووبوون و دەیانزانی ئەو بەچی تووڕە دەبێت، بۆیە نەیاندەویست تووڕەی بکەن، یان دڵی بشکێنن، هەمیشە لەبەردەم ئەودا بە ڕێزەوە ناوی قازی محەمەدییان دەهێنا.

لەودەمە کە کوێرە لەناو گێڕانەوەی خۆی بوو لێم پرسی:

– ئەدی بایز ئاغا برای تۆ نەبوو؟ مادام تۆ لە هەولێر بووی، بۆچی نەتدەبردە لای خۆت؟ بۆچی نەتبردەوە ماڵی خۆت؟

– زۆر هەوڵم لەگەڵیدا و زۆریش پێمدەگوت وەک ئەوەی من نەناسیێ دەیگوت: بڕۆ لێمگەڕێ تازە من دوای قازی محەمەد ژیانم بۆ چییە. ئەدی ئەو شارە هەموو ماڵی من نییە.

بۆیە بۆم دەربەست نەدەبوو، تا لە دواییدا بە ناچاری وازملێهێنا، بەڵام شەوان ماڵی خۆی لە مزگەوتی شێخی چۆلی پێدەزانییەوە و دەگەڕایەوە ئەوێ و زۆریش لەوێ ئاسوودە بوو. منیش لەودەمە دیسان بە جۆرێکیتر لێم پرسی:

– ئەی چی لێهات، ئێستا ماوە؟

ئەویش ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

– چیرۆکی بایز ئاغا دوورودرێژە و بەوەندە تەواو نابێت، شەوێکی تەواوی دەوێ تا هەموویت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام من جارێ وەڵامی کۆتایی دەدەمەوەو دەڵێم:

– خودا پشت و پەنای بێ شەهیدیان کرد!

– چۆن و کێ و کەی شەهیدیان کرد، ئاخر شێت و شەهید بوون؟

– ئەدی ناڵێم ئەو چیرۆکە درێژە و لێگەڕێ با بۆ شەوێکی تر بێت، جارێ من با باسی خێزانەکەی خۆمتان بۆ بکەم بە بایز ئاغاشەوە.

– فەرمـوو، مـن زۆر حەزدەکـەم بێ ئـەم بنـج و بناوانـەش ڕۆمانەکـەم کەلێنـی مانـای تێدەکـەوێ. فەرمـوو بیگێـڕەوە:
– ئـەو بایـز ئاغـا بـوو، بـرا گـەورەم بـوو، دوایـی چیرۆکەکەی دەگێڕینەوە.
منیـش نـاوم سـیامەندە و دوو بـرای تریشـم هـەن، ئێسـتا مـاون و لـە مەهابـاد دەژیـن، یەکێکیـان نـاوی جوامێـرە و ئـەوەی هـەرە بچووکیشـمان نـاوی وەیسـییە، خوشکێکیشـم هەیـە لەمـن بچووکتـرەو لـە جوامێریـش گەورەتـرە، واتـە لـە نێـوان مـن و جوامێـر لەدایـک بـووە، ئەویـش نـاوی پەرییـە. برایەکانـم هـەردووک لـە مەهابـاد ژنیـان هێنـاوەو پەریشـمان شـووی بـە پیاوێکـی خەڵکـی سـەردەشتێ کـردووە و ئێسـتا وا لـەوێ خـاوەن دوو کـوڕ و کچێکـە و جوامێـر کوڕێـک و کچێکـی جاحێڵـی هەیـە و ئیتـر منداڵییـان نابێـت.
من لەودەمەوە لە کوێرەم پرسی:
– مـام سـیامەند تـۆ بۆچـی نەگەڕایتـەوە مەهابـاد. باشـە بایـز ئاغـای بـرات ئەفسـەری کۆمـاری مەهاباد بـوو بۆیـە لـە ترسـی گرتـن و جەزرەبـە لـەوێ هـەڵات و هاتـە کوردسـتانی باشـوور، ئـەدی تـۆ چـی بوویـت و بـۆ چ هاتیتـە هەولێـر؟
– ئـەم دوو پرسـیارە دوو چیرۆکـن، ئەگـەر کاتـی گـوێ هەڵخسـتنت هەیـە وەک دوو چیـرۆک بـۆت دەگێڕمـەوەو پێتدەڵێـم.
منیش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامیم دایەوەو وتم:
– وەڵا مـام سـیامەند کاتـم هەیـە و لێشـم بۆتـە مـەراق و هەمـوو جەستەشـم بۆتـە گـوێ و بـە تامەزرۆییـەوە ئـەم وەڵامـە چیرۆکانـە دەخرێنـە نـاو ڕۆمانەکەمـەوە.

ئەویش فرێکی لە دیشلەمەکەیدا و ئاخێکی قووڵیشی هەڵکێشا و بە حەسرەتەوە وتی:
- کاکە گیان منیش پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووم، بەڵام هەوەڵجار لەگەڵ کاکم بایز ئاغادا نەهاتم بۆ کوردستانی باشوور، بەڵکو ماوەی مانگێک دوای کەوتنی کۆمار خۆم شاردەوە، دوایی کە زانیم ئیتر ناتوانم چیتر بە نهێنی بژیم، ئەوەبوو براکانم منیشیان بە قاچاغ پەڕاندەوەو منیش هەروەک بایز ئاغا خۆم گەیاندە هەولێر و ئێستاش دەبینی هێشتاکە لەم شارەم و بوومەتە خەڵکی ئەم شارە، بەڵام با وەڵامی ئەم پرسیارەشت بدەمەوە کە بۆچی نەچوومەتەوە مەهاباد، بێگومان ئەمەش هەر چیرۆکێکی خۆی هەیە.
چیرۆکەکە بە کورتییەکەی ئەوەیە:
دوای ئەوەی من و کاکم بایز ئاغا هاتینە هەولێر و ماوەی ساڵێکی پێچوو لە ئەوان جیابووینەوە، جوامێر و وەیسی برام لەنێوان خۆیاندا ڕێکدەکەون تا میراتی بابم لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، دەچن وەفاتنامەی بایز ئاغا و من دەردێنن و بە مردوومان تۆمار دەکەن، ئینجا میراتەکە لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن. بابم ڕەزوباغێکی زۆری هەبوو لە دەرەوەی شار، لەناو شاریشدا دوو ڕیزە دووکانی هەبوو، ئەوان تەنیا پارچە عاردێک و دووکانێک دەدەن بە پەری خوشکمان و ئەوەی تریشی هەمووی لە نێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن. ئەوەی ئاگاداریشم خوشکیشم زۆر ناڕەزایی نیشاندابوون، چونکە دەیزانی بایز ئاغا شەهید بووەو منیش ماوم، ئەو دەیگوت: دەبێ

بە دوای مندا بنێرن و بەشی منیشی لێبدەن، ناڕەزاییەکی تریشی لەبارەی بەشی خۆی بوو، ئەو دەیزانی زۆر غەدرییان لێیکردووە، زۆر هەوڵی لەگەڵیاندا، بەڵام بێ سوود بوو، وەک من زانیبووم هەڕەشەی کوشتنیشیان لێی کردبوو، پێیانگتبوو: ئەگەر رازی نەبیت و دژمان بوەستی لەناوت دەبەین، ئەویش وەک بێ دەسەڵاتێک رازی دەبێت، بەڵام لەوساوە هەردووکیان بە برای خۆی نازانێت و هاتووچۆیان ناکات. چەند جارێکیش هەواڵی بۆ من ناردووە، کە بچم مافی خۆمیان لێ بستێنمەوە، بەڵام من لە وڵاتێکدا کە تۆماری من بە مردوو دەرهاتبێ چۆن دەتوانم بە تەنیا دەرهەق ئەم دوو برایەم بێم، بەتایبەتی کە بزانم هەردووکیان دەوڵەمەند بوونە و دەمزانی بە پارەو سامان دەیانتوانی بەرانبەر من هەموو هەوڵێکی خۆیان بدەن، هەر کارێکی من بیکەم پووچەڵی بکەنەوە. منیش لەم مافەی خۆم وازمهێناو منیش وەک خوشکەکەم چیتر ئەو دوو برایەم بە برای خۆم نەزانی. ئەوەی کە بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتم دەبەستێتەوە تەنیا و تەنیا پەری خوشکمە ئەویش دوور بە دوور تەنیا هەواڵ و ناردنی سڵاو و لێپرسینی دوور بە دوورە. ئێستاکەش بایز ئاغا نەماوەو منیش دوای ئەم تەمەنە و بەم کوێرییە تەنیا خۆم و کچەکەم ماوین، بۆیە بێ هیوا بووم لە ژیان و لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر بشچم ماندووبوونەکەم بە فیرۆ دەڕوات و بێ ئەنجامە و تازە نامدەنەوە. تازە هەموویان لەسەر ناوی خۆیان تۆمار کردووە. تازە زەحمەتە. ئەدیساڵێکیان هەواڵم

بـۆ نـاردن و گوتـم: (دەمـەوێ بگەڕێمـەوەو بەشـە میراتـم بدەنـەوە)، وەیسـی بـرام هەواڵـی بـۆ ناردمـەوەو وتبـووی: (ئەگـەر بـۆ میوانـداری دێتـە لامـان، بـا بـێ سـەرچاوان، ئەگـەر بۆ میراتیش دێتـەوە، ئەوا ئـەو لەوسـاوە کـە چۆتـە کوردسـتانی باشـوور لـە تۆمـاری ئێمـەدا مـردووە و هـەر بـە مردوویـیش دەمێنێتـەوە)، منیـش چـی بکـەم وازملێهێنـان و دامنەدەسـت خـودا.

منیـش خـۆم پێنەگیـراو بـۆ زانینـی نهێنییـەکان لـە کوێـرەم پرسـی:

– تـۆ وتـت لـە دنیـادا ماومـە و نەممـاوە تەنیـا ئـەو تاقـە کچەیـە، ئـەدی منداڵەکانـی تـرت چییـان لێهاتـووە؟

ئەویـش فڕێکـی لـە دیشـلەمەکەی داو ئاخێکـی پـڕ بـە سـییەکانی هەڵکێشـاو گوتـی:

– دوو کوڕ و کچێکی تریشم هەبوون، بەڵام!

– بەڵام چی؟ چییان لێهات؟

– خودای گەورە بۆ خۆی بردنییەوە.

منیش لەناو خۆمدا زۆر سووتام و وتم:

– چـۆن ئـەوان خـودا بـۆ خـۆی بردنییـەوە، حەزدەکـەم سـەربردەی ئەوانیشـم بـۆ بگێڕێتـەوە.

ئەویش بە حەسرەتەوە گوتی:

– ئەمشـەو چوینـە بنـج و بناوانـی خێزانەکـەم و سـەرەتای چیرۆکەکـەم بـوو، بـا چیرۆکـی ئـەوان بمێنـن شـەوانی تـر زۆرن، مـادام پێکـەوە هاومالێـن هـەر شـەوەی چیرۆکـی یەکێکیانـت بـۆ دەگێڕمـەوە.

منیـش لێـرە لەمشـەوە دەوەسـتم، ڕۆمانەکـە لـە بنـج و

بناوانـەوە جێدەهێڵـم، پشـوویەک بـە خوێنـەر دەدەم. دوایـی لـە بەشـی تـردا چیرۆکـەکان یـەک لـە دوای یەکتـر دەگێڕمـەوە. نابـێ هەمـوو چیرۆکـەکان پێکـەوە بۆ خوێنـەر بگێڕمـەوە، چونکـە خوێنـەران سـەرەداوەکانیان لێتێکدەچـێ، بـەڵام دەبـێ بـە شـێوەیەک بێـت بتوانیـن لـەم چیرۆکانـەدا لەگـەڵ چیرۆکـی سـەرەکی کوێـرە تێکـەڵ یەکتـر ببنـەوە، وا لـە خوێنـەر بکـەم دەسـت لـە ڕۆمانەکـە هەڵنەگرێـت تـا بـەدوای هەمـوو سـەرەداوەکانی تـردا بگەڕێـت. ئـەوا ئەمشـەو یەکـەم شـەو بـوو لـە بنـج و بناوانـی کوێـرەوە دەسـتم پێکـرد و لـە شـەوەکانی تریشـدا و لەکاتـی دیکەشـدا تـازە بـێ چیـرۆک لـەم ماڵـە ناچمـە دەرەوەو دەمێنێمـەوە تـا هەمـوو چیرۆکـەکان لـە دەمـی کوێـرەوە دەخەمـە نـاو ڕۆمانەکـە.

# کەللە سەر بۆ فرۆشتن

**لە دایکبوونی مرۆڤ لەم دنیایەدا**
**کارێکی زۆر زەحمەتە، لەوەش**
**زەحمەتتر، فێرکردنییەتی بۆ ئەوەی**
**سەر ڕاست بێت**

- مەکسیم گۆرگی -

لە شەوێکی تردا من و خێزانەکەم و کوێرەو شانازی کچی لە هەیوانی بەردەم ژووری ئێمە دانیشتبووین. هاوین بوو، پانکەیەکی سەر زەویمان لە بەرانبەر بوو، گەرماکەی تۆزێک لێدەڕەواندینەوە. من چیرۆکی بایز ئاغا لە کەللەی دابووم، رووم لە کوێرە کرد تا دەردو کوڵی دڵم بڕەوێنێتەوەو چیرۆک و سەربردەی بایز ئاغای براکەیم بۆ تەواو بکات. نازانم بۆچی پێش ئەوەی چیرۆکەکانی تر بزانم دەمویست بزانم چارەنووسی بایز ئاغا بەچی گەیشتووە و چۆن شەهید کراوە!
خەڵاتی خێزانیشم حەزیدەکرد پێشتر چارەنووسی دوو کوڕ و کچەکەی کوێرە بزانێت، بەڵام من زۆر پێداگریم لەسەر ئەوە کرد، کە دوا چیرۆکی بایز ئاغا پێشتر بزانم، بۆیە قسەکە بووە هی من و کوێرە دڵی نەشکاندم، ئینجا

فڕێکی لە دیشلەمەکەی بەردەمیدا و ئاخێکی هەڵکێشاو حەسرەتێکی پڕ بە دڵی بۆ چارەنووسی براکەی دەربڕی، ئینجا هاتە قسەکردن و گوتی:

– بایز ئاغا ڕۆژ هەتا ئێوارە لەناو بازاڕ بوو، لەگەڵ خەڵک هاموشۆی دەکرد، قسەی خۆشی بۆ دووکاندار و خەڵکیتر دەکرد، ئەوانیش خۆشیان دەویست و گۆرانی و لاوکییان پێدەگوت. ئەو پارەی لە کەس داوا نەدەکرد، هیچ پێویستیشی بە پارە نەبوو. بەیانیان و ئێواران مجێوری مزگەوتی شێخی چۆلی نانی دەدایێ، لەوێ لەم مزگەوتە هەمیشە خەڵکانی دەوڵەمەند خواردنیان دێناو دەیاندا خەڵکانی هەژار و بێدەرەتانان و ئەوانەی بێ ڕێگاو جێگا و لایدە بوون، ئەو کەسانەش کە لەناو قەبرستانی مزگەوت شوێنێکیان بۆ خۆیان دابین کردبوو، بە بلۆک و قوڕ و چینکۆ ژوورییان بۆ حەواندنەوەی خۆیان دروستکردبوو، بایز ئاغا لە ژوورەکەی تەنیشت ژووری مجێورەکە بوو تەنیا نیوەڕۆیان لە بازاڕ ئەو دووکاندارانەی لە ماڵەوە بە سفرتاس خواردنیان بۆ دەهات و دەمایەوە، هەر جارەی لای دووکاندارێک نانی نیوەڕۆی دەخوارد و دواییش دیشلەمەیەکییان بۆ بانگ دەکرد و ئینجا لاوکێکیان پێدەگوت. ئەگەر پارەشیان بدابووایێ وەریدەگرت، دوایی ئێوارە دەیدایە دەست مجێورەکە، ئەویش وەک برایەک ئاگای لێدەبوو و جلوبەرگیشی بۆ دەبردەوە ماڵەوەو بۆی دەشووشت و جلوبەرگی لەبەر دەکرد و بەردەستی دەکرد، بۆیە هەمیشە پاک و خاوێن بوو، چونکە هەفتەی جارێک لە سەرشۆری ژوورەکەی

بایز ئاغا دەیشووشت.
بایز ئاغا جێی خۆی پێدەزانییەوەو ئێواران دەگەڕایەوە شوێنی خۆی، زۆر مەراقی جگەرە و چایەی دیشلەمە بوو، کاتێ لەگەڵ دووکاندارەکان هەر جارەی لای یەکێکیان دادەنیشت، تا کاتی لێدەبوو بە ئێوارە، ئینجا وەک هەموو ڕۆژانیتر دەگەڕایەوە ژوورەکەی لە مزگەوتی شێخی چۆلی.
ئەمە ژیانی ڕۆژانەی بایز ئاغا بوو، هەموو ڕۆژێک وەک ڕۆژانی پێشتر بێ هیچ گۆڕانکارییەک دووبارە دەبووەوە، هەموو کاتەکان و هەڵسوکەوتەکانی وەک هی پێشوو بوو. هەندێکجار ئەگەر پرسیاری کۆماری کوردستان و قازی محەمەدییان لێ بپرسیبا ئەو بە نەرمی دەستێکی بە وێنەکەی سەر سینگی خۆی دادێناو رابردوو و قازی محەمەدی بیردەهاتەوە، بەڵام قسەی بۆ نەدەهات، یان نەیدەتوانی بۆ ئەو ڕۆژانە بگەڕێتەوە، یان ئاستی مێشکی لەم رادەیە نەبوو تا شتەکانی ئەم سەردەمەی کۆماری کوردستان و قازی محەمەدییان بۆ بگێڕێتەوە، یان باسی پێشمەرگایەتی خۆی بکات لەم سەردەمەی ئەوسادا، یان باسی قازی و ئەفسەرەکان و وەزیرەکان و حاڵ و چۆنییەتی کۆماری کوردستانیان بۆ بکات، یان ئەو کەسانەی بیر بکەوێتەوە کە لە کوردستانی باشوورەوە بۆ پاڵپشتی کۆمارە ساواکەی کوردستان چووبوون و بووبوون بە پێشمەرگەی ئەم کۆمارە. ئەو یادەوەری و بیرکەوتنەوەی مێشکی کارا نەمابوو، تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە باسی ئەم سەردەمانە و قازی و کۆمارییان

بۆ دەکرد ئەو دەستێکی بە وێنەکەی قازی دادێناو چەند دڵۆپێک فرمێسکی بۆ دەڕشت، یانیش فرمێسکی بۆ ئەو رۆژانە هەڵدەڕشت. بە هەرحاڵ خەڵکەکەش دەیانزانی ئەو ناتوانێ هیچ شتێک بدرکێنێ تەنیا بە لاوک خەمەکانی خۆی هەڵدەڕشت، جارجارەش دڵ و دەروونی خۆش دەبوو، دەیکردە بەستە و گۆرانی، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە نەیاندەویست ئازاری بدەن. ئەوەی زۆر خۆشیبویستایە لەگەڵ ئەو دەستی بە وێنەکەی سەر سینگی دادەهێناو سڵاوێکی سەربازییان بۆ دەکرد، ئەو بەم کارانە دڵی خۆش دەبوو، چاوەکانی زەق دەبووەوەو پێدەکەنی. ئەگەر بشیانویستبایە تووشی دەردو کوڵی بکەن، هەندێکجار چەند گەنجێکی بێویژدان دەیانویست بیگرێنن، ئەوا ئەو کاتە قسەیان بە قازی محەمەد دەگوت و لۆمەیان دەکرد، ئەویش لەجێی خۆی بەم کار و قسانە تێکدەچوو و تووڕە دەبوو، بەڵام هیچ جوێنی بە کەس نەدەدا، تەنیا لە خەمان دەستەکانی خۆی دەکرۆشت و دەگریا، دوایی خەڵکەکەی ئاقڵ و بە ویژدانی ئەم شارە بەتایبەتی دووکاندارەکان دەهاتن، گەنجەکانیان لێ دووردەخستەوەو دڵیان دەدایەوەو چایەکی دیشلەمەیان بۆ بانگ دەکرد و سڵاوێکی سەربازییان بۆ وێنەکەی سەر سینگی دەکرد، ئینجا دڵی تۆزێک ئۆقرەی دەگرت و دەهاتەوە سەرخۆی. منیش لەودەمە مەراقی زانینی ئەنجامەکەی بووم بۆیە رووم لە کوێرە کرد و گوتم:

– مام سیامەند وەسفێکی بایز ئاغام بۆ ناکەی چتۆ پیاو بوو؟

– کوڕم ئەو پیاوێکی چوارشانەی باڵا بەرز بوو، سمێڵ و ڕیشی تێکەڵ یەکتر بووبوون، چاوەکانی گەورەو زەق بوون، قژێکی ڕەشی قەترانی هەبوو، ڕێک و پۆشتە و پەرداخ بوو.

– باشە مام سیامەند پێمناڵێی پاشان بایز ئاغا چی بەسەرهات؟

– کوڕم وا پێتدەڵێم، بەڵام گوتم پێش ئەوەی کۆتایی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە، دەبێ سەرەتای چیرۆکەکەش بزانیت و کەمێک زانیاریت لەبارەی ژیانیەوە هەبێت.

– ببوورە، بەڵام دڵم سەری بە سەد ماڵدا کرد تا بزانم چارەنووسی بایز ئاغا چیلێهات؟ منیش لە باوکم بیستووە دەیگوت: جاران لەناو بازاڕ ئەو بایز ئاغایە هەبووە، دوایی نەزانرا چارەنووسی چی لێهاتووە، هەر کەسە و ئەنجامێکی بۆ چارەنووسی ئەو داناوە.

– کوڕم چارەنووسی ئەو ئەوەیە کە من ئێستا بۆت دەگێڕمەوە.

– دەی بابزانم زۆر مەراقم کردووە.

– ئەگەر بۆیان باس کردبیت، یان دەتوانی لە کەسانی بە تەمەن بپرسیت، یان ئەو کەسانەی سەردەمی بەعسییان بە بیرە، کە حکومەتی عێراقی و بەتایبەتیش ڕژێمی بەعسی فاشی لە ساڵانی حەفتاکاندا، خەڵکێکی زۆری خستە ناو زیندانەکانی خۆیەوە، لە ساڵانی هەشتاکانیشدا بە چەند قۆناغ خەڵکی کوردستانی لە زۆر شوێندا ئەنفال کرد، زۆریش لەو خەڵکەی زیندەبەچاڵ کرد، ئازاری گەلی کوردستانی دەدا و خەڵکی لە شوێنی خۆیدا

رادەگواست و عەرەبی دێنا شوێنی ئەوان، بەتایبەتی لە ناوچەکانی کەرکووک و گەرمیاندا، بە هەموو شێوەیەک کوردی لەناودەبرد.

– ئێ خۆ ناڵێی بایز ئاغاش ئەنفال کراوە؟

– بەڵێ ئەویش ئەنفال کراوە، بەڵام بە جۆرێکیتر، ئەو بەدەست کرێگرتە و پیاوکوژی کوردەوە لەناوبردراوە نەک پیاوانی ئەنفالچی عەرەبی رژێم.

– چۆن، ئەمەیان چۆنە، واتە بەدەست کوردەوە ئەنفال کراوە؟

– مەبەستم لە کورد خەڵکی خۆفرۆش و پیاوانی رژێمە، واتە جاش و جەیشی شەعبی و مەفرەزە تایبەتییەکان، کە باوکی خۆیان لەناودەبرد بۆ پارەو ئافەرینی رژێم.

– چۆن و کەی؟

– بێگومان رژێمی بەعس بۆ ئەوەی کورد بە کورد بەکوشتن بدات لە سالانی حەفتاو هەشتاکان و بەدواوە تا راپەڕین بایەخی بە کردنەوەی فەوجی خەفیفەی جاشان دەدا و جاش و مستەشاری دادەمەزراند و پارەیەکی زۆری دەدانێ، ئینجا بەوانەش نەوەستا چەندان مەفرەزەی تایبەتی دامەزراند و جەیشی شەعبی لە شارەکاندا دامەزراند. بێگومان ئەم مەفرەزە تایبەتییانە لە جاش پیستر و دڕتر و بێ ویژدانتر بوون، باکیان بە هیچ نەبوو تەنیا ئامانجییان رازیکردنی رژێم و بەدەستهێنانی ئافەرین و پارەی دەقنەشکاو بوو، ئەوانە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن باوک و برای خۆیان بە گرتن دەدا و دەستیان لە هیچ کەس نەدەپاراست.

– ئێ وایە باسیان کردووە و گوێم لێبووە.
– ئەو کاتی حکوومەتی بەعس زۆر ئیغرای مەفرەزە تایبەتییەکانی دەکرد و پێیگوتبوون: ئەوەی پێشمەرگە بکوژێت، ئەوان پاداشتی دەدەنەوە، پاداشتەکەشی پارەیەکی چاک بوو، پلەشیان بە چالاکییەکانیان لەم بوارەدا بەرزتر دەکردنەوە.
– ئێ چۆن پێشمەرگەیان پێ شەهید دەکرا؟
– ئەم مەفرەزە تایبەتییانە دەچوونە ئەم گوندانەی دەوروپشتی هەولێر، بۆسەیان دادەنایەوە، هەرچی پێشمەرگەیەکییان دەستکەوتبا دەیانکوشت و مەیتەکەیان دەبردە دایەرەی ئەمن و لە بەرامبەردا ئافەرین و پارەی خەڵاتی ئەم کارەیان وەردەگرت، بەڵام دوایی وایلێهات ئەوان بە دائیرەی ئەمنیان گوت: ئەوان ناتوانن مەیتی ئەو هەموو پێشمەرگانە بگوازنەوە کە دەیانکوژن و گواستنەوەیان سەخت بوو. دائیرەی ئەمنیش ئاسانکاری بۆ کردن و پێیانگوتن: ئەگەر پێشمەرگەتان کوشت مەیتەکەی بۆ خۆتان چی لێدەکەن لێی بکەن، تەنیا کەللە سەرەکەی بۆ ئێمە بێنن.
ئەوانیش لەمەدا بەفرسەتیان زانی، ڕەش و سپییان پێکەوە دەکردە پێشمەرگە و جەستەکانیان لە کۆڵ خۆیان دەکردەوەو کەللە سەرەکانیشیان بۆ ئەوان گرینگ بوون، هەرچەندی ژمارەی ئەم کەللە سەرانە زیاتر بووایە بۆ ئەوان ئافەرین و پارەکە زیاتر دەبوو. ئەم مەفرەزە تایبەتییانە زۆر بێ ویژدان بوون. تەڕو وشکییان پێکەوە دەسووتاند، بۆ پاداشت و ئافەرینی خۆشیان هەمیشە

بە دوای دەستکەوتنی ژمارەی زیاتری کەللە سەرەکاندا دەگەڕان، بۆ ئەمەش خەڵکی کاروانچییان لە لادێکان و دەرەوەی شار دەکوشت، یان لە شار خەڵکی شێت و گێل و فەقیرۆکە و بێکەس و بێ ڕێوشوێنیان دەڕفاندن و دەچوون لە جێگایەکی چۆڵی دەرەوەی شار دەیانکوشتن و کەللە سەرەکانیان لە جەستەی مردووەکە دەکردەوەو پاشماوەی لاشەکەشییان، یان فڕێدەدایە کەندێکەوە، یانیش قۆرتێکیان لێدەداو بزریان دەکردن. خەڵکی شاریش هەستیان بەوە دەکرد کە وردە وردە لە ناکاوێکدا شێتێک، یان گێلۆکەیەک، یان بێدەرەتانێک دیارنامێنێ، بەڵام نەیاندەزانی چارەنووسی ئەوانە چیلێدەهات، تا دوای راپەڕین کە خەڵک بەسەر دائیرەی ئەمنی داداو فایلەکان کەوتنە دەست خەڵک وێنەی ئەو هەموو شێت و گێل و بێدەرەتانانە هەمووی کەوتە ئەو گۆڕە کە بە پێشمەرگە کەللە سەرەکانیان بە دائیرەی ئەمن فرۆشرابوون. تەنانەت لە فایلێکدا وێنەی مەلایەکیان دۆزییەوە کە دوای ئەوەی کەللە سەرەکەیان لەگەڵ کۆمەڵێک کەللە سەری تر بردبوو بۆ دائیرەی ئەمن بەڕێوەبەری ئەمن ناسیبویەوەو زانیبووی کە مەلای چ مزگەوتێک بووەو خۆی نوێژی لە دوا کردبوو، دوایی بەڕێوەبەری ئەمن زانیبووی کە ئەو کەللە سەرانەی بۆیان دێنن هەموو هی پێشمەرگە نین بۆیە راپۆرتی بۆ بەغدا نووسیبوو و بەرپرسی مەفەرەزە تایبەتییەکەی کە ناوی (.....) بووە لە وەرگرتنی کەللە سەرەکان وەستاندووە، چیتر کەللە سەرییان لێنەکڕیوە. ئەم زانیارییانە هەموو لە

فایلی مامۆستاکەی ئایینی مزگەوتی (.....) نووسرابوو، ئەوسا کەسوکاری دوای ڕاپەڕین زانییان کە کاتی خۆی بزربووە و چارەنووسی دیار نەبووە، زانییان بەدەستی کامە سەرۆک مەفرەزەی ئەمن کەللە سەری بەناوی پێشمەرگە فرۆشراوە و دواییش هەر دوای ڕاپەڕین لە سەرۆک مەفرەزە تایبەتییەکە گەڕان تا تۆڵەی لێبکەنەوە، بەڵام دوایی لەلای حیزبی ڕەنگ (.....) دۆزییانەوە کە دوای ڕاپەڕین لای ئەوان کردبوویان بە ئامیر فەوج، بۆیە هیچیان لەگەڵی پێنەکرا و بە ناچاری کابرای کۆنە سەرۆک مەفرەزە تایبەتییەکە و ئامیر فەوجی ئێستایان حەواڵەی خودا کرد.

– ئێ توخودا مام سیامەند تەواوی بکە، مەراقم کرد خۆ ناڵێی بایز ئاغای براشت بە بەر ئەم شاڵاوە دڕندەیە کەوتووە؟

– بەرێوەڵڵا برام، ئەوانەی کە لە کاتی بردنیدا گوێیان لە هاواری بووە، دەڵێن: شەوێکیان کە گەڕاوەتەوە ژوورەکەی خۆی لە مزگەوتی شێخی چۆلی، بە ڕاکێشان لە ژوورەکەیدا دەریانهێناوە و بۆ شوێنێکی چۆڵ ڕاپێچییان کردووە، هەندێکیتر دەڵێن مجێوری مزگەوتەکەش گوێی لە هاواری بایز ئاغا بووە، بەڵام تا ئەو گەیشتۆتە ژوورەکەی ئەو، ئەوان بە پیکاب زوو ڕایانکردووەو کەس نەیدیون.

– وەڵڵا لەوانەیە شێتی تریشیان بەم کارەساتە بردبێت؟

– ئەرێوەڵڵا، دەڵێن: هەر لەم ماوەیە بووە بەرخۆکە شێتیش بەناوی پێشمەرگەوە کەللە سەرەکەی بە دائیرەی

ئەمن فرۆشراوە. دەڵێن لە راپەڕیندا کە بەسەر دائیرەی ئەمنیان داداوەو هەموو مەلەفەکان دۆزراونەتەوە، دەڵێن: مەلەفی بەرخۆکەش وێنەی کەللە سەرەکەی بە فایلەکەیەوە بووەو دۆزراوەتەوە کە ئەویش یەکێک بووە لەم قوربانییانە.

– خودا بیانگرێ، ئینشاڵڵا خودا تۆڵەی ئەو بەستەزمانانەیان لێدەکاتەوە، ئەوانەی دائیرەی ئەمن لە راپەڕین تۆڵەیان لێ بووەوە، بەڵام ئەوانەی مەفرەزە تایبەتییەکان ماون کە خۆیان لە پاڵ حیزبە کوردستانییەکان ناوە خودا تۆڵە لەوانیش دەکاتەوە ئینشاڵڵا.

– تۆڵەی چی وەڵڵا دوای راپەڕین لەجیاتی تۆڵە لێکردنەوە ئەوانە لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە، نەک تۆڵەیان لێکردنەوە، بەڵکو پلەی سەربازیشیان پێداون و گەورەتریش کراون، لەجیاتی خەڵک لێپێچینەوە لەگەڵ ئەواندا بکات، ئەوان تۆڵەیان لە خەڵک کردەوەو لەسەر سەری ئەوان و لەسەر حیسابی میللەت گەورەتر کراون و کەسیش ناتوانێ پێیان بڵێ لەسەر چاوتان دوو برۆ هەیە.

کە ئاوڕم دایەوە بینیم خەڵاتی خێزانم و شانازی کچی کوێرە هەریەکە دەستڕێکیان بە چاوەکانی خۆیانەوە ناوەو گریانی خۆیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت.

ئینجا ئەم شەوە، کوێرە برینەکانی کولانەوەو زمانی گیراو دایە پرمەی گریان و تێر بۆ چارەنووسی بایز ئاغای برای گریا، ئینجا کە گریانەکەی وەستا رووی تێکردم و وتی:

- ئەمەش چیرۆکی چارەنووسی بایز ئاغا، تۆ وازملێناهێنی، برینەکانم دەکوڵێنیتەوە. ئیتر با ئەم شەوە بەس بێت، چیتر لە توانامدا نەما ناخی زامداری خۆمت بۆ هەڵبڕێژم، منیش سوپاسم کرد و گوتم:

- چیتر ئازارت نادەم، لە ژانی تۆ تێدەگەم، با ئەم شەو بەس بێت.

# دوو چیرۆکی تراژیدی

**ستەمکار دەتوانێت گوڵێك،**

**یان دوو گوڵ سەرببڕێت،**

**بەڵام بەهار هەر دێت.**

– گیڤارا –

لـە دیوارەکـەی ژووری دانیشـتنیماڵـی کوێـرە وێنەیەکـی خێزانـی هەبـوو، هـەردوو کـوڕ و هـەردوو کچەکـەی وەسـتاون، کوێـرەش لەلایەکـی وێنەکـە وەسـتاوە و دایکیشـیان مەنجەڵـی دۆڵمـەی لـە پێشـەو خـەریکی پێچانەوەیەتـی. دیـارە لەوکاتـەدا لێـی کۆبوونەتـەوەو ناسـیاوێک، یـان خزمێکیـان لـەماڵیـان بـووەو وێنەکـەی گرتـووە. ئەم وێنەیە گەورە کرابوو، کە لێی وردبوومەوە هەستم بە بۆشایی دایکیان کرد، لەم ماڵەدا نەماوەو دیار نییـە. ئەویشـم لـێ بـوو بـە ئاهـ و کەسـەر ئاخـۆ مـردووە، یـان لـەم ماڵـەدا نەمـاوە، بۆیـە لـە شـانازم پرسـی:

– دایکت ماوە؟

ئاهێکـی قووڵـی هەڵکێشـاو بـە خەفەتـەوە وەڵامـی دایـەوەو وتـی:

– بەداخەوە کۆچی دوایی کردووە.

- دەمێکە کۆچی دوایی کردووە؟
- بەڵێ، بەداخەوە.
لەم دەمەدا کە باسی دایکی کرد، فرمێسک لە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە، ئەوسا زانیم کە ئەویش چیرۆکێکی غەمباری هەیە، بۆیە بڕیارمدا نەچمە چایخانە و بەدوای چیرۆکی دایکیاندا بچم و بزانم تراژیدیای ئەو چییە؟
کوێرە زانی من بەدوای چیرۆکی دایکی شانازەوەم، ئەو بەدەم خواحافیزیکردنەوە رووی لەمن کرد و گوتی:
- مادام شاناز چیرۆکی دایکی دەگێڕێتەوە ئەوە پێویستیت بەمن نییە بۆیە من جێتان دێڵم و بەدوای کاری خۆمدا دەڕۆم.
هەرچەندە زۆر مەراقم بوو لێی بپرسم و بڵێم: تۆ بەم کوێرییەوە چ کارێک دەکەیت، بەڵام پەشیمان بوومەوەو نەمتوانی لێی بپرسم، بۆیە بڕیارمدا رۆژێک بەدوایدا بچم و بزانم ئەو بەم کوێرییە چ کارێک دەکات. بیرم لەوە کردەوەو لە دڵی خۆمدا گوتم: (پێدەچێ بچێتە مزگەوت و دەستڕێک لەپێش خۆی دابنێت و سواڵ بکات) بەڵام وەڵامی دڵی خۆم دایەوەو گوتم: (نەخێر با تفەنگ بە تاریکییەوە نەنێم، کێ دەڵێ وایە! کێ دەڵێ کارێکی شەریفانەش ناکات، خۆ مەرج نییە هەموو کوێرێک سواڵکەر بێت، هەرچەندە کوێری بۆ هەندێک دەروون کلۆڵ و نەفس نزم ئامرازێکی باشە بۆ سواڵکردن و پارە پەیداکردن بەهۆی بەزەیی هاتنەوەی خەڵک).
من بەدوای چیرۆکێکی گرینگتر بووم کە ئەمیش لە بنیادی ڕۆمانەکەدا رۆڵی خۆی هەیە، بۆیە وەڵامی

خواحافیزیەکەم دایەوە، ئینجا هاتم یاخەی شانازم گرت تا ئەو لەجیاتی کوێرە چیرۆکی دایکیم بۆ بگێڕێتەوە. هەرچەندە خەڵات وازیلێنەدەهێنام و دەیگوت:
- تۆ واز لەو ئافرەتە بێنە، بۆ خۆت یاخەی کوێرە بگرە، تۆ دیارە بۆ مژوڵکردنی ئەوانەوە هاتوویتە ئەمماڵەوە.
منیش وەڵامیم دایەوەو وتم:
- بەڵێ من بۆ نووسینی ڕۆمانەکەم هاتوومەتە ئەم ماڵە، پێویستە من هەموو چیرۆکەکانی ئەو خێزانە بنووسمەوە. من ئێش و ئازارەکانی خەڵک دەنووسم.
دەمەویست خەڵات هانبدەم تا بەدوای کاری ناو ماڵەوە خەریک بێت، بەڵام ژن هەمیشە بەدوای چیرۆک و نهێنییەکانی کەسانی تردا دەگەڕێن و حەزی زانینی چیرۆک و سەربردەی خەڵک لای ئەوان لە نان و خۆراک گرینگترە، بۆیە ئەویش رازی بوو و حەزیشی دەکرد چیرۆکی دایک و خوشکەکەی شاناز بزانێت، بۆیە لەگەڵ مندا بوو بە گوێگری چیرۆکخوانی شاناز، ئەویش وەک چۆن لەبەردەم حیکایەتخوانی جاران بێت، وەک چۆن ئێمە لەبەردەم حیکایەتخوانی گوێ ئاگردانی جاران دانیشتبین، شانازیش حیکایەتخوانەکە بێت بەم شێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دایکی کردو گوتی:
- ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی ئاگربەستی چوار ساڵەی نێوان حکوومەتی بەعس و شۆڕشی کورد تێکچوو، خەڵکەکە دەیانزانی جارێکیتر دەبێتەوە شەڕ، بابیشم کاتی خۆی پێشمەرگە بووە، بۆیە ئەویش وەک هەموو ئەو خەڵکە لەخۆی دەترسا، بە ناچاری ئەم ڕێگایەی گرتەبەر و

رووی کـردەوە شـاخ و ئێمـەی بـێ بـاوک بەجێهێشـت. ئێمـەش ئەوکاتـە دایکـم و دوو بـراو دوو خوشـک بوویـن و هـەر لـەم ماڵـەی ئێسـتا ئێمـە لێینـە لـەوێ ماینـەوە. براکانـم خەریکـی خوێنـدن بـوون، ئاسـۆی بـرام خودالێیخۆشـبێت ئەوکاتـە پۆلـی پێنجـی ئامادەیـی بـوو و ئاواتـی براشـم خـودا لێیخۆشـبێت، ئەویـش پۆلـی سـێی ناوەنـدی بـوو، مەهابـادی خوشکیشـم ئەویـش هـەر خـودا لێیخۆشـبێت ئـەو کاتـە پۆلـی یەکـی ناوەنـدی بـوو، منیـش ئـەو کاتـە لـە پۆلـی شەشـی سـەرەتایی بـووم.

– ئەی ئێستا تۆ ناخوێنی؟

– نەخێـر لەبـەر بابـم، تەنیـا مـن لـەم ماڵـەدا ماومەتـەوە، ئیتر بۆ بابم دەژیم، من تا پۆلی سێی ناوەندیم خوێندووە تـا ئـەو کاتـەی بـە تەنیـا لەگـەڵ بابـم مامـەوە، بۆیـە بـە ناچـاری وازم لـە خوێنـدن هێنـا و خـۆم بـۆ خزمەتکردنـی بابـم تەرخانکـرد.

– ئافەریـن دەسـتەکانت خۆشـبێت، بـەڵام تـۆ چیرۆکـی خـۆت لەبیـر نەچێتـەوە، حەزدەکـەم چیرۆکـی دایکتـم بـۆ بگێڕیتـەوە.

– باشـە، بـەڵام هەمـوو چیرۆکێـک سـەرەتاو کۆتایـی هەیـە بۆیـە منیـش لەوێـوە دەسـتم پێکـرد.

– دەباشە بۆم تەواو بکە، چیتر.

ئەویـش بەمجـۆرە دەسـتی بـە گێڕانـەوەو بەردەوامبوونـی چیرۆکەکـەی کـرد و گوتـی:

– دوای ئـەوەی بابـم چـوە شـاخ ئێمـە بـە تەنیـا ماینـەوە. ژیانمـان زۆر سـەخت بـوو، چونکـە هەموومـان قوتابـی

بووین. دایکم حەزیدەکرد ئێمە بخوێنین بۆیە خۆی کردە قوربانی و دەچووە ماڵان نانی بۆ ماڵان دەکرد. بەهەر شێوەیەک بێت بە کولەمەرگی دەژیاین، ئاسۆ و ئاواتیش دوای هاتنەوەیان لە قوتابخانە دەچوونە ناو بازاڕ و کاری دەستگێڕییان دەکرد. من و مەهابادیش قوتابی بووین و دەمانخوێند، بەڵام ئەوەی باش بوو دەوامی هەردووکمان پێچەوانەی یەکتر بوو. چەند ساڵێک بەم شێوەیە ژیانێکی سەختمان بردە سەر. بابم جار جار هەواڵی هەبوو، جاری واش هەبوو دوو مانگ هیچ هەواڵێکی نەدەبوو. لە ساڵانی هەشتاکاندا حکوومەتی بەعس لەگەڵ کورددا زۆر توند بوو، ئەوەبوو دەستی بە شالاوی ئەنفال و بە عەرەبکردن کرد و لە زۆر شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ئازاری خەڵکی دەداو ڕەشبگیر خەڵکی دەگرت و دەیخستنە ناو زیندانەکانەوە. لەلایەکی تریشەوە لە هەموو نهێنییەکی ژیانی کورددا ئاگادار و چاوساغی هەبوو، سیخوڕی لەسەر هەموو ماڵێک دانابوو، ئەوەبوو دەیانزانی ئێمە خێزانی پێشمەرگەین، دایەرەی ئەمن لەگەڵ موختاری گەڕەک هاتن بە ئێمەیان گوت: (یان دەبێ ئەو پیاوە واتە باوکم بێتەوە و خۆی رادەستی حکوومەت بکات، یانیش ئێوە هەمووتان دەگیرێن) بابیشم هەرچەندە ئەم هەواڵەی پێگەیشت و دەیزانی ئێمە لە چ حاڵێکداین، چونکە دایکم ئەم هەواڵەی بۆ نارد، بەڵام ئەو دەیزانی ئەگەر بێتەوە بێ سین و جیم لە سێدارەی دەدەن، بەتایبەتیش هیچ لێبووردنێک نەبوو، بۆیە نەدەوێرا بێتەوە. ئاخر چۆن

بێتـەوە، پێشـمەرگەیەکی گیانفیـدای کوردسـتان چـۆن بێتـەوەو خـۆی رادەسـتی حکوومـەت بکاتـەوە، ئـەو ئەوەنـدە دڵسـۆز بـوو هەرگیـز بـە خەیاڵـی نەدەهـات رۆژێـک لـە رۆژان کوردایەتـی خـۆی وازلێبێنـێ، ئـەم پیـاوە هـەر لـە سـەردەمی قـازی محەمـەدەوە پێشـمەرگە بـووەو هەرگیـز خیانەتـی لـە شـۆڕشـی کـورد نەکـردووە، تـا ئەمـڕۆژەی لـە شـاخ بـوو، ئاخـر هاتنـەوەی کەسـی وەهـا و چـەک دانـان بـۆ ئـەو جـۆرە کەسـە شـۆڕشـگێڕانە تۆزێـک سـەخت بـوو، بەڵکـو ئەسـتەمیش بـوو. بەهـەر حـاڵ بابـم نەهاتـەوەو ئێمـەش هەموومـان خراینـە زینـدان. ئینجـا کارەسـات و چیرۆکـی تراژیدیاکـە لەوێـوە دەسـتپێدەکات؟

کـە ئێمـە کەوتینـە زینـدان، براکانـم خرانـە قاوشـی پیـاوان و ئێمەشـیان خسـتە قاوشـی ژنـان. کـە چووینـە زینـدان دایکـم سـکی شـەش مانـگان بـوو، دوای تێپەڕبوونـی سـێ مانـگ سـکی بـوو بـە نـۆ مانـگان. دایکـم لـە سـەروبەری زگ دانانـی زۆر نەخـۆش کـەوت، لـەم ژان و ئێشـە و لـەم نەخۆشـییە سـەختەدا منداڵەکـەی نـاو سـکی لەبەرچـوو، ئەویـش ئەوەنـدە خـەم و خەفەتـی بـۆ منداڵەکـە خـوارد، تـا لـەم قەهـرو خەمـەدا جوێنـی بـە پیاوانـی رژێمـی بەعسـدا، بۆیـە هاتـن بردیانـە ژووری ئەشـکەنجەدان و زۆریـان لێـدا تـا لـەم ئەشـکەنجە زۆرەدا گیانـی سـپارد.

لەودەمـە شـاناز لـە گێڕانـەوە وەسـتا و چاوەکانـی پڕبـوون لـە گریـان، ژانەکانـی هەڵچـووی کەوتنـە گـڕ و یادەوەرییـە تاڵـەکان بینـە قاقایـان گـرت و ئاگریـان لـە ناخـی پەنـگ خـواردووی بـەردا، بۆیـە پشـوویەکی دا و زمانـی گیـرا.

من و خەڵاتیش هەردووکمان بۆ ئەم یادەوەرییە تاڵانە و بۆ مەرگی شەهیدی دایکی گریاین و ئەم ئازارە گڕی لە گیانی ئێمەش بەردا. ئینجا حەزمکرد بزانم چارەنووسی شاناز خۆی و مەهابادی خوشکی لە زیندان چییان بەسەرهات، بۆیە داوام لە شاناز کرد کە چیرۆکی خۆی و مەهابادی خوشکیشم بۆ بگێڕێتەوە.

شاناز کە تۆزێک هاتەوە سەرخۆ و پشوویەکیدا، لەودەمەش خەڵات چوو چای هێناو هەرسێکمان چامان خواردەوە دوایی شاناز بەمجۆرە چیرۆکی خۆی و مەهابادی خوشکی بۆ گێڕاینەوە:

- ئیتر تەرمی دایکمیان لە زیندان بردە دەرەوەو دایانە دەست شارەوانی تا بیشارنەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان لە زیندان بووین، ئێستاکەش لەگەڵدا بێت نازانین گۆڕەکەی لە کوێیە و لە چ گۆڕستانێکدا نێژراوە. بەهەر حاڵ لە قاوشی ژناندا دوای دایکم من و مەهاباد ماینەوە.

پیاوانی زیندانیش بەتایبەتی ئەفسەرەکانیان بەدوای ئافرەتی جواندا دەگەڕان، ئافرەتانی تریش ئەوەی تۆزێک مێیاتی تێدا بووایە هەر بۆ ئەفسەرانیان بوو، ئەوانەیش کە ئەوان نەیاندەویست، لەلایەن ئەو کەسانەی ئەشکەنجەی خەڵکیان دەدا هەر بۆ حەیابردن و چاوشکاندن لاقە دەکران.

ئەوە بوو بەلای ئەوانەوە من هێشتاکە لەم تەمەنە نەبووم تا ببمە خۆراکی ئەوان، یانیش هەر بە شانس و ناوچەوان نەهاتن بەلای مندا. ئێشتاش نازانم من چۆن

لەبەردەم نەوس و حەزی برسی ئەوان رزگارم بووە. دیارە بەلای ئەوانەوە کە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، دیارە بچووک دیاربوومە بۆیە بەلای مندا نەهاتن، بەڵام رۆژێکیان مەهابادییان بردە ژوورێکی تەنیا و کردیانە دیاری گەورە ئەفسەری خۆیان. ئیتر جار جارە دەهاتن دەیانبرد و دوایی بە ئازاری دەروونییەوە وەک مرۆڤێکی رووخاو و پەڕو باڵ شکاو، وەک مرۆڤێکی تێکشکاو دەیانهێنایەوە.

هەستم پێدەکرد مەهاباد وردە وردە سکی بەرزدەبێتەوە، ئەویش هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، نەیدەزانی چی بکات تەنیا چارەی ئەوەبوو کە لەبەر خودا دەپاڕایەوەو دەیگوت: (خودایە گیان، بەقوربان، دەی تکات لێدەکەم گیانم بکێشە و لەم ئازاری دەروونییە رزگارم بکە).

تا ئێمە لە زیندان بەربووین مەهاباد سکی حەوت مانگان بوو، ئەوەی سەیری سکی بکردبووایە دەیزانی دووگیانە، لە زیندان هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە بەربووین ئەو چی وەڵامی براکانی بداتەوە، چی وەڵامی ئەو خەڵکە بداتەوە، دەیزانی زاری ئەو خەڵکە بە هیچ ناگیرێ، بۆیە هەمیشە هەستی بە ئازاری دەروونی خۆی دەکرد. هەمیشە دەگریا، هەمیشە هاواری خودای دەکرد تا گیانی بکێشێ و رزگاری بکات.

ئەوەبوو ئێمە بەر لێبووردنێک کەوتین و من و مەهاباد و ئاسۆ و ئاوات، هەمووومان بەربووین، بەڵام گەڕاینەوە ناو ماڵێکی ساردو سڕ، ماڵێک بێ باوک و دایک، ماڵێک بێ خەندە و پێکەنین، وەک ماڵێکی وشک و برینگی

ناو بیابانێک وابوو، خۆشییەکانی ژیانی رابردوومان هەموو رۆیی و بوون بە پووشی بەردەم رەشەبایەکی تێکشکێنەر.
نەماندەزانی چ ژیانێک بگوزەرێنین. نەماندەزانی چۆن کاتمان لێدەڕوا و شەو و رۆژەکانمان چۆن ئاودیو دەبوون. ئاسۆ و ئاواتیش لە خەفەت و خەمی زگەکەی مەهابادی خوشکم نەیاندەزانی چۆن وەڵامی پرسیارەکانی ئەو خەڵکە و خزمانیان بدەنەوە، کە لەمبارەوە لێیاندەپرسین. ئەوانیش ناچار خۆیان کڕ دەکرد و ئەم قەهرەیان لە دڵی خۆیاندا دەهێشتەوەو دەبووە سۆیەکی گەورە لەسەر دڵیان، بۆیە هیچ عەجمانییان نەبوو. لەلایەکیتریشدا نەماندەزانی چۆن، بێ باوک و دایک بتوانین پشت بە توانای خۆمان ببەستین و لەسەر پێی خۆماندا بوەستین و بتوانین لە ژیاندا بەردەوام بین، بۆیە دوای بیرکردنەوەو بیرورا گۆڕینەوەی نێوان خۆمان ئاسۆ و ئاوات بڕیاریاندا واز لە قوتابخانە بێنن و بەدوای کاسبی بکەون، ئەوەبوو بە هەردووکیان جارێکی تر عەرەبانەیەکیان کڕی و لەناو بازاڕدا بوونەوە حەماڵ.
منیش چارەنووسی مەهابادم لێ بووبوو بە مەراق بۆیە لێم پرسی:
– ئێ مەهاباد چیلێهات و چارەنووسی بەچی گەیشت؟
لەودەمە خەڵات پێش شاناز وەڵامی دامەوەو وتی:
– بەسە پیاوەکە واز لەو کیژە بێنە خۆ تۆ نەبوویتە دادوەر تا هەموو پرسیارێکی لێبکەیت! بەسە ئەم کارە هی ژنانە و تۆ چیتر خۆتی تێهەڵمەقورتێنە، عەیبە،

شـووڕەییە، وازبێنـە خـۆ ناکـرێ تـۆ ئەمشـەو هەمـوو چیرۆکەکانـی پـێ تـەواو بکەیـت، لێیگـەڕێ زۆر مانـدوو بـووە بـا شـەوێکیتر بۆمـان تـەواو بـکات، بـەڵام شـاناز وەڵامـی دایـەوە وتـی:

– نـا لێیگـەڕێ، تـازە دەبـێ چیرۆکەکەتـان بـۆ تـەواو بکـەم، دەزانـم لێتـان بۆتـە مـەراق، تـا چیتـر پرسـیارم لێنەکـەن.

ئینجـا بە خەمبارییەوە فڕێکی تری لـە چایەکـەی بەردەمیدا و وتی:

– مەهابـاد زۆر خـەم و خەفەتـی دەخـوارد. زۆر ئـازاری دەروونـی هەبـوو. پاڵەپەسـتۆی دەروونـی تـا دەهـات زیاتـر تەنگـی پێهەڵدەچنـی وهەراسـانی دەکـرد. هەسـتی بـەوە دەکـرد تـازە ژیـان بـۆ ئـەو هیـچ مانایەکـی نەمـاوە. ڕۆژێکیـان کەسـمان لـە مـاڵ نەبـوو، مـن و ئاسـۆ و ئـاوات چووینـە ماڵـی جیرانێکمـان کـە دوو خانـوو لـەولای ئێمەیـە، چونکـە ئەوانیش زۆر دێـن بـۆ ماڵـی ئێمـە و لەگەڵمانـدا زۆر تێکـەڵاون.

ئێمـە هەرچەنـدی هەوڵمـان لەگـەڵ مەهابـاد دا لەگەڵمانـدا نەهـات و نەهـات و بـە ئێمـەی گـوت:

چـاوم بەرایـی نـادات بێمـە هیـچ شـوێنێک، نامـەوێ کـەس بمبینـێ، مـن شـەرمەزاری ئـەو هەمـوو خەڵکـەم، مـن کەڵکـی هیـچ جێگایەکـم نییـە. برادەرەکانـی قوتابخانـەی کـە لەگەڵیدا بـوون زۆریـان دەهاتنـە لای، بـەڵام ئـەو خـۆی نیشـانی کەسـیان نـەدەدا کـە دەهاتنـە لای خـۆی لـە برادەرانـی دەشـاردەوەو دەچـووە سـەربان و وازیشـی لـە قوتابخانـە هێنـا، هەرچەنـدی هەوڵمـان لەگەڵیدا بـێ سـوود بـوو.

کە ئێمە لە ماڵە جیرانەکەمان هاتینەوە، چی ببینین، ئەوەی بینیمان لە چاوەڕوانی کەسماندا نەبوو، هەرگیز بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە مەهاباد خۆی بخنکێنێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، ئەویش ئەوەبوو: چووبوو پشتێنی ئاسۆی کاکمی هێنابوو و خۆی بە بنمیچی ژوورەکەی ئاسۆ و ئاوات هەڵواسیبوو، ئەو ئەڵقەیەی کە بۆ پانکە لە بنمیچی خانووەکە داندرابوو، چووبوو مێز و کورسی هێنابوو پشتێنەکەی لە ئاڵقەکە گرێدابوو و شۆڕی کردبووەوەو بۆ گیانی خۆی کردبووی بە سێدارە.

ئەوەبوو بە خەمباری و شین و ڕۆڕۆوە، بە خەم و خەفەتێکی زۆرەوە بە گۆڕستانی تەیراوەمان سپارد. ئیتر ئەمە بوو هەردوو چیرۆکی تراژیدی دایکم و مەهابادی خوشکم، تۆش ڕۆمانی خۆت بنووسە نووسەری بەڕێز، (سابیر ڕەشید) چونکە من دڵنیام تۆ پێش ئەوەی لەبەر قەیرانی دارایی هاتبێتیە ئەم ماڵە بۆ ئەوە هاتوویتە لای ئێمە تا چیرۆکەکانی ئێمە بنووسیتەوە و بیکەی بە ڕۆمانێک، ئێمەش پێمان خۆشە، چونکە نموونەی قوربانیدانی خێزانێکی کوردی بۆ کوردایەتی و خۆشت ئامانجی ئەم پرسیارانەت پێوتووین، بڕواش ناکەم هیچ خێزانێک لەم کوردستانەدا هەبێت بەسەرهات و نەهامەتی و قوربانییەکانی وەک ئێمە و بەقەد ئێمە بێت و ئەوەندەی ئێمە تراژیدی بێت تا خوێنەر بخاتە گریان و سۆزی ببزوێنێ.

# برای دوژمن

**لەم ژیانەدا مرۆڤ ناتوانێت فەلسەفەیەکی نوێ و ڕێگایەکی نوێ فێربێت، بۆ ئەوەی باجەکەی بدات.**

– دیستۆیفسکی –

هەرچەند جاری کە تەماشای وێنەکەی دیواری ماڵی کوێرە دەکەم، حەزدەکەم نهێنی و چیرۆکی یەکە یەکەی ئەو خێزانە بزانم.
ئەمجارە پێم باش بوو پێش ئەوەی چیرۆک و سەربردەی کوێرە بزانم، زۆر مەراقم کرد چیرۆک و چارەنووسی هەردوو کوڕانی کوێرە بزانم (ئاسۆ) و (ئاوات) کە ئەمیش دوو چیرۆکی پێکەوە گرێدراوی دوو بران کە حیزبایەتی کردنی بە دوژمنی یەکتر.
شەوێکیتر لە دانیشتنەکانی هەردوو خێزانی من و خێزانی کوێرە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو دوو برایە دوژمنە بوو.
کوێرە بەدەم خواردنەوەی دیشلەمەیەک وەک ئەوەی حیکایەتەخوانی سەردەمی جاران بێت و ئێمەش هەموو لە دەوریدا گوێگر بین لەم حیکایەتە، بەمجۆرە دەستی

بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کرد:
ئاسۆ و ئاوات هەردووکیان دوای مردنی دایکیان و بەربوونیان لە زیندان و خۆ خنکاندنی مەهابادی جوانەمەرگ، چەندان ساڵ لە بازاڕ خەریکی کاری دەستگێڕی و حەماڵی بوون، دوایی هەردووکیان لە دوای ڕاپەڕین وازیان لە کاری دەستگێڕی و حەماڵی هێناو بوون بە چەکداری دوو حیزبە دیارەکەی کوردستان. ئاسۆ هەوارداری حیزبی ڕەنگ وەنەوشەیی بوو، بوو بە پێشمەرگەی ئەو حیزبە و ئاواتیش هەواداری حیزبی ڕەنگ پەمەیی بوو ئەویش بوو بە چەکداری ئەم حیزبە، هەردووکیان ناویان بە پێشمەرگەی حیزبی خۆیان تۆمارکردبوو، هەردووکیشیان پانزە ڕۆژ لە دەوام بوون و پانزە ڕۆژیش لە ماڵەوە بوون. جێی پێشمەرگایەتی ئاسۆ لە شارۆچکەی دیانا بوو، جێی ئاواتیش لە شارۆچکەی ئاکرێ بوو. ئەوکاتەی کە شەڕی براکوژی ڕوویدا هەردووکیان لەلایەن حیزبی خۆیانەوە بانگکران تا دەوامی تەواو بکەن و بەرەو شەڕیان ببەن، ئەوەبوو فەوجی پێشمەرگایەتی ئاسۆ لە شەڕی براکوژیدا گوێزرایەوە بۆ کەپکی حەمەد ئاغا و هی ئاواتیش بردران بۆ نزیکی ئەم شوێنە ستراتیژییە، تا هێرش بکەنە سەر ئەم کەپکە و بیگرنەوەو بکەوێتە دەست حیزبی ئەوان. دەبووایە شەڕێکی سەخت و دەستە و یەخە بکەن تا ئاڵای سەرکەوتنی حیزب لەسەر کەپکی حەمەد ئاغا هەڵکەن. ئەوەبوو فەوجەکەی ئاوات لە هێرشبرندا شکان و نەیانتوانی کەپکی حەمەد ئاغا بگرنەوەو لەبەر دەستی

حیزبی ئاسۆ دەریبیێنن.
ئەنجامی شەڕەکە ئەوەبوو ئاوات و بیست پێشمەرگەی حیزبەکەی ئەوان بە یەخسیری کەوتنە دەست حیزبەکەی ئاسۆ و ئەوانیش هەردووکیان لەم شەڕو پێکدادانەدا گوللەیان بە سینگی یەکترەوە دەنا.
ئێوارە فەرمانیان پێکرا، کە ئەوانەی گرتوویانە نابێ بە زیندوویی بگەنە دەست سەرکردایەتی حیزبەکەی ئەولا، بۆیە پلانیان وادانا کە پێویستە هەرچی زووە ئەو پێشمەرگانەی کە گرتوویانە بەدیل، بیانبەن لە گۆڕەپانی خوار ڕەبیەکە گوللەباران بکرێن.
ئاسۆ یەکێک بوو لەو کەسانەی کە گوللەڕێژی لەو بیست و یەک کەسەدا کرد کە ئاواتی براشی لە گەڵیاندا بوو، هەرچەندە ئاوات هاواری براکەی خۆی کرد تا دەست لە تفەنگ هەڵگرێ و رزگاری بکات و نەهێڵن بیکوژن، بەڵام حیزبایەتی لە برایەتی بەهێزتر بوو، ئیتر ئەوسا برا هیچ سۆز و بەزەییەکی بۆ براکەی خۆی نەجووڵا، ئەگەر لە سەنگەری پێچەوانەی یەکتر بن.
ئاسۆش یەکێک لەو کەسانە بوو کە زۆر کەللەڕەقانە بە بیروباوەڕی حیزبەکەی کاریگەر بوو، ئامادەیی هەموو شتێکی هەبوو کە حیزب چی پێبڵێت بێ پرسینەوەی ئەنجامەکەی جێبەجێ دەکات و هیچ گفتوگۆش لەبارەی ئەم بڕیارەش نەکات کە دەستڕێژی گوللەیان لێکردن، هەر بیست و یەک پێشمەرگەی حیزبەکەی ئاوات کەوتنە سەر زەوی و ئەمناوە بوو بە ئاوێنەی خوێن، هەر پێشمەرگە بوو بەدەم ئازارەوە هاواری دەکرد و

ئاوزینگی دەدا و گیانی دەسپارد.
ئاوات خودا رزگاری کرد هێشتا گیانی لەبەردا مابوو، چەند گوللەیەکی بەرجەستەی کەوتبوو، بەڵام دیارە گوللەکان بەر شوێنی مەترسیدار نەکەوتبوون، بەڵکو برینەکانیشی سەخت نەبوون، بۆیە تاکە کەس بوو لەم بیست و یەک کەسە کە گیانی نەسپارد و لە مەرگ رزگاری بوو.
کە شەو داهات و دنیا تاریک بوو، توانی بە قونەخشکە، وردە وردە بە چینچکانەوە لەم ناوە دوور دەکەوتەوە، دوای ماوەیەک بە پشت کوڕکردنەوە خۆی لە چاوی پاسەوانەکانی رەبیەکە دەدزییەوە تا لە چاوان بزر بوو، ئینجا پشتێنەکەی خۆی کردە پارچە پارچە و لە برینەکانی خۆی پێچاو بە نیمچە هەنگاو ڕێگاکەی بەردەمی گرتەبەر. بیری لەوە دەکردەوە دەبێ ڕێگایەکی زۆر ببڕێت تا لەم زۆنە رزگاری دەبێت، یانیش تا خۆی دەگەیێنێتە شوێنێکی ئەمین و پارێزراو. دەڕۆیی و بە زمانی تێنوو و سگی برسییەوە ئەو ڕێگای هات و نەهاتەی گرتەبەر، بەم شەوە بە ترس و لەرز و جەستەی شەکەت و پڕ لە ئازارەوە دەڕۆیشت و ڕێگاکەش تەواو نەدەبوو. لە ڕێگادا هەزار و یەک سیناریۆ و خەیاڵی جۆراوجۆری بە بیرداهات تا گەیشتە گوندێکی تر، لەوێش لاینەدا، ئەگەرچی زۆر تێنوو و زۆریش برسی بوو، دەبووایە بگاتە گوندی (ن)، چونکە دەیزانی خەڵکی ئەم گوندە لایەنگری حیزبەکەی ئەون، لەوێ ئەگەر خۆشی ئاشکرا بکات دەیزانی خەڵکەکەی ئەوێ دەیپارێزن و ناهێڵن

بکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو برینەکانیشی سارێژ دەکەن و لە چاوان دەیشارنەوە.
هێشتا تاریک و روون بوو لە سنووری گوندەکەی پێشتر دەرباز بوو، لە ڕێگادا کانییەکی کەوتە پێش، بە پەرۆشەوە لەسەر کانییەکە دانیشت و تێر ئاوی خواردەوەو برینەکانی خۆی بە پەڕۆی پارچەکانی پشتێنەکە خاوێن کردەوەو جارێکیتر برینەکانی خۆی بەستایەوە، ئینجا شەهادەیەکی بە هەقی هێناو دەستنوێژێکی هەڵگرت و لەو گۆڕەدا نەیزانی کامە لا رووەو قیبلەیە، ئینجا بە تەخمینی خۆی لایەکی کردە قیبلە و نوێژێکی کرد و تۆزێک پشووی دا و دڵەکوتە و ترسی دڵی تۆزێک رەوییەوە و زانی گەیشتۆتە کەناری ئەم گوندە و ئیتر گەیشتۆتە کەناری ئارامی.
لە نزیک ئەم گوندە گەیشتە شوانێک، پرسیاری لێکرد بۆ کوێ دەچێ؟ ئەویش چیرۆکەکەی هەموو بۆ گێڕایەوە، زانی ئەگەر نهێنییەکەشی پێبڵێت جێگای مەترسی نییە، ئەویش بەخێرهاتنی کردو مەڕەکانی بەجێهێشت و گەیاندییە ماڵی ئازادی یاریدەدەری پزیشکی کە لە شارەدێی (خ)ی نزیک ئەم گوندە برینپێچ بوو، ئەویش هێشتا زوو بوو نەڕۆیشتبوو بۆ سەر کارەکەی، بۆیە شوانەکەی بەڕێکرد و لە ماڵی خۆیدا میوانداری کرد، دوایی زوو لە ژوورێکی تەنیا درێژی کرد و برینەکانی سارێژکرد و دوایی جێگای گوللەکانی بە برینپێچ پێچایەوە، بەڵام سەیری کرد دوو گوللە بە قۆڵی راست و چەپی کەوتوون، بەڵام ئێسکی نەگرتبوون و شادەمارەکانی

نەبڕیبوون، دەبووایە گوللەکان دەرهێنرێن. ئەویش دڵنیای کردەوە ئەودەمەی دەچێت بۆ فەرمانگەکەی دوایی کە دێتەوە دکتۆرەکە لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە ماڵ تا گوللەکانی بە شێوەی نەشتەرگەری بۆ دەربێنێ.

دوایی پێیگوت کە زۆربەی خەڵکی شارۆچکەکە و فەرمانبەرانی خەستەخانەکە و بەڕێوەبەر و دکتۆر و یاریدەدەری دکتۆرەکانی هەموویان سەر بە حیزبی دژ بە حیزبەکەی ئەوە، بۆیە ناتوانێ بیباتە نەخۆشخانە، چونکە ئەگەر بزانن پێشمەرگەی هەڵاتووی حیزبەکەی دژی ئەوانە بێگومان ئەوسا ئەو وەک پێشمەرگەیەکی هەڵاتووی جەنگ دەگیرێ و ئەویش واتە ئازادی برینپێچ بە تۆمەتی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ حیزبی دوژمن چارەنووسی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە وای بە باش زانی دوای تەواوبوونی دەوام دکتۆر سەردار کە لایەنگری حیزبەکەی ئاوات بوو، لەگەڵ خۆی بێنێتە گوندەکەیان و لەوێش ئازاد بیباتە ماڵی خۆیان، بۆیە ئەویش لە ماڵی ئازاد مایەوەو ئەمیش بە ماشێنەکەی چووە دەوامی خۆی. دوای عەسر لەگەڵ دکتۆر سەردار هاتنە ماڵەوەو بە هەردووکیان توانیان هەردوو گوللە لە قۆڵەکانی دەربهێنن و برینەکانیشی تیمار بکەن.

ئازادی یاریدەدەری پزیشک پیاوێکی ئەوەندە مەرد و بوێر و مرۆڤدۆست بوو بۆ ماوەی دوو هەفتە ئاواتی لە ماڵی خۆیدا هێشتەوەو خزمەتی کرد و نەیهێشت خەڵکی گوندەکەش پێیبزانن، ئەوەی تەنیا دەیزانی فەرهادی شوان بوو ئەویش ئازاد تێیگەیاندبوو لای کەس باسی

نەکات نەوەک زانیارییەکە بگاتە نەیارانی ئەم حیزبە و بگاتە لایەنگرانی حیزبەکەی ئاسۆ کە چەند ماڵێکیان لەم گوندەدا هەبوون.
ئازاد دوای دوو هەفتە کە زانی تەندروستی ئاوات باشتر بووە، ڕۆژێکیان کە ڕۆژی هەینی بوو زانی کە بازگەکانی شار قەڵەباڵغیان زۆر لەسەرە بە پەلە ئۆتۆمبێلەکان بەڕێدەکەن و ئەوانیش خۆ وێنە و ناوی ئاواتیان لا نییە، ئەگەر بەلاشیان دابچێت لەم بڕوایە دابوو ئەمڕۆژە ناپەڕژێنە سەر ئەوەی داوای ناسنامە لە هەموو کەسێک بکەن، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوتیش داوایان کرد ئازاد پێناسەی خۆیان دەداتێ و بۆی پینە دەکات، یان دەڵێ: پێناسەکەم هەڵنەگرتووە و لە ماڵەوە لەبیرم کردووە، جا ئەوە پێناسەی باری شارستانیان لێوەرگرت ئەوان چوزانن ئەو ئاواتە ئەو کەسەیە کە لە گوللەڕێژی حیزبەکەی ئەوان دەربازی بووە و رایکردووە، خۆ جارێ لەو حیزبەی گوللەڕێژی کردووە، تەنانەت برای خۆشی کە لەگەڵ گوللەباران کردنەکە دابوو هێشتا نازانێ ئاوات نەمردووە و هەڵاتووەو برینەکانی سارێژکراوەو دەیەوێ بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی.
ئاوات بۆ ئەوەی ئەگەر لە ڕێگایەک، یان لە بازگەیەک تووشی حیزبەکەی ئاسۆی برای بوو نەیناسنەوە، ناسنامەی پێشمەرگایەتی خۆشی لە شوێنێکی لاچەپدا شاردەوە تا ئازاد بتوانێت بە سەلامەتی بیگەڕێنێتەوە هەولێر.
ئەوەبوو ئازاد ئەم سەرکێشییەشی کردو خۆی خستە ناو کارێکی ترسناکەوە، چونکە ئەگەر لە شار بزانن لەوانەیە بیگرن، شاریش لەبەر دەستی حیزبەکەی ئاسۆ

بوو. هەرچۆنێک بوو ئازاد و ئاوات خۆیان گەیاندە پێش ماڵی ئێمە. منیش سیامەندە کوێر، کە کوڕەکەی خۆم ئاواتم دیتەوە تێر ماچم کرد و نەمهێشت ئەمشەوە ئازاد بگەڕێتەوەو زۆر خزمەتم کرد هەر ئەمشەوە هەموو چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە.

منیش وەک ڕۆماننووسی هەموو شتزان دیسان کەوتمەوە حەزی زانین و لە کوێرەم پرسی:

– ئەدی دوای ئەوە کە هاتەوە، چی بەسەر هات، نەگیرا؟

– وا چیرۆکەکەت بۆ تەواو دەکەم.

کوێرە لەودەمە داوای دیشلەمەیەکی کردو شانازیش بۆی تێکرد، دوایی خەلات خەوی دەهات، ئیزنی خواست و چووە ژوورەکەی خۆی، بەلام من هێشتا چیرۆکەکە تامەزرۆی نەشکاندبووم، بۆیە داوام لە کوێرە کرد ئەم شەو چیرۆکی ئاواتم بۆ تەواو بکات و چیرۆکی ئاسۆش با بۆ شەوێکی تر بێت.

ئەویش دڵی نەشکاندم و بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە و وتی:

– ماوەیەکی زۆر ئاواتمان لە ماڵەوە شاردەوە، نەمانهێشت کەسێک پێبزانێ، تەنانەت خزم و جیرانەکانیشمان. دوایی زۆر تکامان لێکرد تا واز لە پێشمەرگایەتی و حیزبایەتی بێنێ و بۆ خۆی کاسبیەک بکات و بچن لە حیزبەکەی ئاسۆ، ئەستۆپاکی بۆ وەرگرن، ئیتر ئەوەبوو هێشتا هاتنەوەکەیمان ئاشکرا نەکردبوو و بە کەسمان نەگوتبوو بۆ داواکردنی ئەستۆپاکی. ئەوەبوو ئاسۆی برای لەو ماوەیەدا بە مۆڵەت هاتەوە، کە براکەی دیت چاوی چووە

پشتی سەری و بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا پێیگوت:
– دیارە تۆ هێشتا ماوی و نەتۆپیوی؟
– نەخێر نەمردم و خودا ئەجەلی نەدام.
– ئەدی ئێمە گوللەبارانمان نەکردن! تۆ چۆن نەمردی و چۆن دەرباز بوویت!؟
– کاکە لێگەڕێ ئەم چیرۆکە دوورو درێژە، من هەموویم بۆ باوکم و شاناز گێڕاوەتەوە بۆ تۆشی دەگێڕمەوە.
منیش سیامەند کوێرە، لەم شەوە ویستم ئاسۆ بەوە رازی بکەم کە واز لە براکەی بێنێ و پێموت: ئەو دەیەوێ واز لە حیزب بێنێ و دەست لە پێشمەرگایەتی ئەم حیزبەش هەڵدەگرێ، وا تۆش هاتیەوە بەنیازین بچین لای حیزبەکەی تۆ ئەستۆپاکی بۆ وەرگرین، ئەوە باشتریش تۆ برای خۆتە ببیە لای بەرپرسانی حیزبەکەی خۆت و تۆ ئەستۆپاکییەکەی بۆ وەربگرە، بەڵام ئاسۆ چووە سەردارەوەو هێشتا بڕوای بەوە نەدەکرد و لە ئاوات دڵنیا نەبوو کە واز لە حیزبەکەی خۆی و هەواداری حیزبەکەی دێنێ، بۆیە قاچی خۆی لە عەردی داو و گوتی:
– نابێ ئەم کارە نابێ، ئەمە خیانەتە، ئەگەر حیزب بزانێ من برای خۆم شاردۆتەوە، دێن لێپرسینەوە لەگەڵ منیشدا دەکەن، ئەو راست ناکات تۆبەی نەکردووە، تۆبەی گورگ مەرگە، بەڵام قەیناکە لەبەر خاتری بابم و شاناز بابێت مادام واز لە پێشمەرگایەتی حیزبەکەی خۆی دێنێ، با ببێتە پێشمەرگەی حیزبی ئێمە و ببێتە لایەنگری ئێمە، ئەوسا من بڕوای پێدەکەم و حیزبیش هەروای پێخۆشە.
منیش (کوێرە): دەمزانی ئاواتی کوڕم بەوە رازی نابێت ببێتە

هەوادار و لایەنگر و پێشمەرگەی حیزبەکەی ئاسۆ ئەگەر بشیکوژن، هەرواش بوو کە لێمپرسی: تۆ رازی دەبیت ببیتە پێشمەرگەی حیزبەکەی ئاسۆ؟ ئەو وەڵامی دامەوەو گوتی: نەخێر. دەمزانی زۆر رقی لە حیزبەکەی ئەوانە، بەڵام ئامادەیی هەبوو واز لە پێشمەرگایەتی حیزبەکەی خۆی بێنێ، بەڵام بیروباوەڕی خۆی نەدەگۆڕی. ئیتر ئاسۆی کوڕیشم ئەمەی پێ قبووڵ نەکرا، بۆ بەیانییەکەی چووە ئاسایشی حیزبەکەی خۆی و هەواڵی خۆشاردنەوەی براکەی پێدان، ئەوانیش سوپاسێکیان کرد.
ئەوەبوو ئاسایشی حیزبەکەی ئاسۆ هاتن و راپێچیان کرد، ئاسۆش گەڕایەوە دەوامی خۆی. ئیتر هەر ئەو گرتنە بوو نەمانزانی ئاوات چیلێهات، هەندێک دەیانگوت: لە زیندانە سەختەکەی شارۆچکەی (ع)ی حیزبەکەی ئاسۆیە. هەندێکیتر دەیانگوت: نەخێر لە زیندانە سەختەکەی شارۆچکەی (س)ـە. چەندەها واسیتەمان کرد نەمانتوانی هیچ ئەنجامێک بەدەست بێنین.
ئاوات تا ئەو چرکەساتەش کە خوێنەر ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە بێ هەواڵ و چارەنووسی بزرەوە مایەوە کەس نەیزانی چیلێهات، زەوی قووتیدا، یان ئاسمان بەرزی کردەوە. دوایش کە هەردوو حیزبەکەش براکوژییان وەستاند و ئاشتبوونەوەو لە حکوومەت و پەرلەمان بوون بە برابەش و ئەوسا گوتیان هەردوولایان زیندانەکانی خۆیان ئازاد دەکەن.
چاوەڕێی ئەم هەنگاوەش بووین و گوتمان: بەڵکو ئێ لە زیندانێکدا بووبێت و بێتەوە، کەچی نەهەردوو حیزبەکە

چارەنووسی کەسانی ونبووی ئەویتریان ڕوونکردەوە، نە ئاواتیش هاتەوە، بەڵکو لە هیچ زیندانێکی نهێنیشدا چارەنووسی بەدیار نەکەوت. ئێمە دوای سۆراغێکی زۆر بیرمان تەنیا بۆ ئەوەندە دەچێ ئەو کوڕەی من لە زیندانە سەختەکەی شارۆچکەی (ع)ی حیزبەکەی ئاسۆ بووەو لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپاردووە، دەنا زۆر کەسیتر دوای پێکهاتنەوەی ئەم دوو حیزبە پەیدابوونەوەو هاتنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان، بەتایبەتی زیندانەکانی شارۆچکەی (ع) ئەوانەی لە ژیاندا مابوون هەموویان دوای پێکهاتنەوەی ئەم دوو حیزبە ئازاد کران، دیارە ئەو کوڕەی ئێمەش نەماوە بۆیە هیچ چارەنووسێکی دیار نەبوو.
من وەک باوکی ئەو کوڕە دوو خەمی گەورەی بۆ دەخوازم، یەکەمیان: هێشتا زۆر گەنج و خوێن گەرم بوو، ژنیشی نەهێنابوو و تێر دنیای نەدیبوو. دووەمیشیان: دڵنیاین مردووەو نەماوە، بەڵام خەمی لە هەمووی گەورەترمان ئەوەبوو ئەو کوڕە بێ گۆڕ مایەوە، گۆڕێکی نییە تا بچینە سەری و تێر بۆی بگرین و فاتیحا و قولوەلایەکی بۆ بخوێنین.
ئەمەش چیرۆکی ئاوات بوو کە زۆر لێت بووبوو بە مەراق تا بیزانی، چیرۆکی ئاسۆش لەوە نالەبارترە، بەڵام با ئەم شەو بەس بێت.

# گۆڕ غەریب

**من خراپترین و باشترین شتم لە**
**مرۆڤایەتییەوە دیوە، لەبەر ئەوە**
**هیچ شتێکی تێدا نییە کە تووشی**
**سەرسووڕمانی لە پڕم بکات**

– ئەلیف شەفەق –

ئاسۆ پێشمەرگەی حیزبەکەی تر بوو، دوای ئەوەی براکەی خۆی بەگرتندا و چارەنووسی ئاواتی برای دیارنەما، باوکی واتە کوێرە حاشای لێکرد و چیتر نەهاتەوە ئەم ماڵە. ئەو واتە ئاسۆ ژنی هەبوو و کوڕێکی شەش ساڵان و کچێکی پێنج ساڵەیان هەبوو. ئاسۆ ماڵی خۆی جودا کردەوەو چوو لە گەڕەکی تەعجیل خانوویێکی بەکرێ گرت. بە کولەمەرگی دەژیا، هەرجارەی دەچووە ئەرکی پێشمەرگایەتی ژن و منداڵەکانی دەبردە ماڵی باوکی ژنەکەی، ئەوانیش چەند ڕۆژێک لەوێ دەمانەوە، دوایی ژنەکەی ئۆقرەی نەدەگرت و دەهاتەوە ماڵەکەی خۆی. خێزانەکەی ناوی بەهار بوو لە تەنیایی لێڕاهاتبوو. ڕۆژێکیان خەلیلی جیرانی ماڵی ئاسۆ کە هاتووچۆی لەگەڵ ماڵی کوێرەدا هەبوو و دەیناسین، هەواڵی ئەوەی دا بە کوێرە کە ئاسۆ ژنەکەی خۆی تەلاق داوەو ژنەکەشی هەردوو منداڵەکەی بردوونەتە لای خۆی لە ماڵی باوکی. کوێرە لە خەلیلی پرسیبوو بۆچی تەڵاقی

داوە، دوایـی هـەر لـە ڕێگای خەلیلـەوە ماڵـی کوێـرە زانییـان کـە چیرۆکەکـە وایـە: گوایـە بەهـاری خێزانـی ئاسـۆ دەسـتی لەگـەڵ دووکانداریێکـی بـازاڕی لەنگـە تێکـەڵ کـردووەو دەڵێـن جیرانەکانیشـی بـە ئاسـۆیان وتـووە کـە ئـەو پیـاوەی بـازاڕی لەنگـە هەمووجـار لـە دوای ڕۆیشـتنی ئاسـۆ بـۆ ئەرکـی پێشـمەرگایەتی ئـەو بـەردەوام هاتۆچـۆی ماڵـی ئەوانـی کـردووەو چاودێرییـان کـردووە کـە زۆر شـەوان لـە ماڵـی ئـەوان ماوەتـەوە. ئاسـۆ کـە ئـەم هەواڵـە دەزانـێ چاودێـری بەهـاری خێزانـی دەکات، ڕۆژێکیـان بـە بەهـار دەڵـێ دەچمـەوە دەوام، لـە ماڵـەوە دەچێتـە دەرەوە دوایـی بـە دزی بـۆ کاتـی نیوەڕۆ دێتـە ماڵـەوەو کـە دەرگای خانووەکـەی دەکاتـەوە و بـە ژوور دەکـەوێ دەبینـێ ئـەو پیـاوە بـە رووتـی لەسـەر جێگای خەوتنـی ئـەو لەگـەڵ ژنەکەیەتـی، ئەویـش ناکاتـە نامـەردی هـەر ئەودەمـە کابـرا دەداتـە بـەر قونکـە دەمانچـە و تێریـش لـە ژنەکـەی دەدات، بـەڵام بەهـار ناکوژێـت، بەڵکـو هەردووکیـان دەبەسـتێتەوەو تەلەفـۆن بـۆ بـرا گەورەکـەی بەهـار دەکات، ئەوانیـش بەخـۆی و باوکـی و براکانـی دێـن خیانەتەکـە بـە چـاوی خۆیانـەوە دەبینـن. ئاسـۆ ژنەکـەی و پیاوەکـە دەداتـە دەسـت ماڵـی خـەزووری، ئەوانیـش کابـرا بـە گرتـن دەدەن و دواییـش خوشـکی خۆیـان دەبەنـە دەرەوەی شـار دەیکـوژن و لە چۆڵییـەک دەینێـژن و تازیەشـی بـۆ دانانێـن، ئاسـۆ منداڵەکانـی لـە ماڵـی خـەزووری ناهێنێتـەوەو ئـەوان بەخێویـان دەکـەن.

ئاسـۆ لـە ژیانـی خـۆی زۆر بێـزار دەبێـت، نـاو ماڵەکـەی هەمـوو دەفرۆشـێت و کەمێـک پـارە کۆدەکاتـەوە، دواییـش پێشـمەرگایەتی و حیزبەکـەی جێدەهێڵـێ و ڕوو لـە تورکیـا

دەکات، لەوێ بە ئامانجی گەیشتنی بۆ هەندەران قاچاغچییەک بە پارەیەکی باش لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکیتر دەیگەیەنێتە هەنگاریا و لەوێش لەگەڵ قاچاغچییەکیتر ڕێکدەکەون کە بیانبات بۆ نەمسا. ئەوەبوو ئەو قاچاغچیە (٧١) حەفتاو یەک کەسی بە ئۆتۆمبێلێکی کەپس دەگوازێتەوە، لە ڕێگادا ئەم ئۆتۆمبێلە ئۆکسجینی تێدا نامێنێ و هەموویان دەخنکێن و گیان لە دەست دەدەن، یەکێک لەو (٧١) کەسە ئاسۆی کوڕی کوێرە بوو. هیچ کەسێک نەیدەتوانی مەیتی ئاسۆ بێنێتەوە کوردستان، چونکە پارەیەکی زۆری دەویست، هەندێک لەو خاوەن تەرمانە کەسوکاریان توانای دارایییان باش بوو، چوون تەرمی کەسوکاری خۆیان بە فڕۆکە هێنایەوە کوردستان و لە گۆڕستانەکانی خۆیان ناشتیان، بەڵام ئاسۆی کوڕی کوێرە کەس بەدوایدا نەچوو، چونکە کوێرە هەم کەسی نەبوو بەدوایدا بچێ و هەمیش ئەو پارەی نەبوو بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی ئاسۆ.

تەرمی ئاسۆ لەلایەن خەڵکانی خێرخوازی ئەوێ لە ڕێگای نێوان هەنگاریا – نەمسا لە چۆڵییەکدا گۆڕ غەریب دەنێژرێت. ئەمەش چیرۆکەکەی چارەنووسی ئاسۆ بوو کە شەوێکیان کوێرە بۆ منی گێڕایەوەو منیش نەمویست بە شێوەی دیالۆگ، یان لەسەر زاری کوێرە بیگێڕمەوە، بەڵکو ویستم ئەم بەشەی ڕۆمانەکە بە شێوەی بگێڕەوەی هەموو شتزان بێت.

# چیرۆکی شاناز

**هەموو شتێکی ناو دڵ**

**هی دەربڕین نییە،**

**شت هەیە تا دەمرین**

**نایدرکێنین!**

- جەلالەدین ڕۆمی -

لە ماڵی کوێرەدا سەرم لە شاناز سووڕمابوو، بڕوام بە خۆم نەدەهێنا تا هۆکاری مانەوەی ئەم لەم ماڵەدا هەر ئەوەبێت کە خۆی بۆ باوکی تەرخان کردبێت و خۆی کردبێتە قوربانی باوکی.
بڕوام نەدەکرد ئەم هەموو جوانییە و ئەم هەموو داخوازییەی کە بۆی دەهات، هەمووی ڕەتدەکردەوە هۆیەکەی هەر تەنیا ئەوەبێت ئەو باوکی بە تەنیا جێناهێڵێ، یان ئەو چۆن ڕازی دەبێت باوکێکی کوێرە

بـە تەنیـا لـە ماڵێکـدا جێبهێڵێـت. باشـە مـن ئەمانـە هەمـوو چـوون بـە مێشـکمدا کـە تەواوبێـت، بـەڵام ئـەوەی بۆیـان گێڕامـەوە لـە داخـوازی سـەید بێسـتوونی ئەندازیـار هەرگیـز ناچـێ بە مێشـکمدا کە ئـەم جۆرە داخوازییە ڕەتبکرێتـەوە، چونکـە ئـەو هەمـوو مەرجەکانـی شـانازی پەسـند کردبـوو، تەنانـەت پێشـنیاری ئەوەشـی کردبـوو کـە ئـەو ئامادەیـە لـە ماڵێکـدا لەگـەڵ شـاناز و باوکیشـی بژیـەت، تەنانـەت دەڵێـن ئامادەیـی خۆشـی دەربڕیبـوو کـە نـەک هـەر لـە ماڵێکـدا پێکـەوە بژیـن، بەڵکـو ئـەو پێیگوتبـوون، کـە ناهێڵـێ باوکـی شـاناز بـەم کوێرییـە بچێتـە کار و کاسـبییەوە، بەڵکـو بـۆ خـۆی وەک پاشـایەک لـە ماڵـی ئەندازیـار بژیـت و بەڵێنـی ئەوەشـی پێدابـوو کـە تـا ئـەو مـاوە کوێـرە ببێتـە خـاوەن مـاڵ و ئەویـش خزمەتـکاری بێـت. ئـێ چـی لـەوە باشـتر هەبـوو پیاوێکـی کوێـر زاواکـەی بێتـە ماڵەکـەی و یانیـش لـە ماڵـی زاواکـەی لەگـەڵ یەکتـر بژیـن و کچەکـەی هـەم ژنـی کابـرا بێـت و هەمیـش ئـاگای لـە باوکـی بێـت و بـۆ خـۆی وەک پاشـایەک بژییـەت و ئەویـش هیـچ کاسـبییەک نـەکات. ئـەوەی مـن دوایـی زانیـم لـەم داخوازییـەدا، کوێـرە لەبـەر خاتـری کچەکـەی کـە تـا مـاوە لـە ژیانیـدا بـە کـچ نەمێنێتـەوەو ئـەو چارەنووسـی بـە خۆیـەوە گـرێ نـەدات، بۆیـە کوێـرە بـە پێشـنیارەکانی سـەید بێسـتوونی ئەندازیـار ڕازی بـوو، بـەڵام ئـەوەی کـە ڕازی نەبـوو و ئـەم داخوازییـەی وەک ئەوانـی تـر ڕەتکـردەوە هـەر تەنیـا و تەنیـا شـاناز بـوو، بۆیـە مـن مێشـکم ئاماژەیەکـی پێـدام کـە هەبێـت و نەبێـت شـاناز چیرۆکێکـی نەرێنـی لەگـەڵ مێردکردنـدا هەیـە یانیـش

نهێنییەک لەم تەلیسمەدا هەیە کە بۆچی شاناز نایەوێ بەهیچ شێوەیەک شوو بکات و ئەم بابەتەی لێ بۆتە مۆتەکە و بینەقاقای گرتووە، ئەمەش بوو بە مەراقی نووسینی من لەم ڕۆمانەدا یانیش بوو بە تەلیسمێک و منیش عەودالی ئەوەبووم تا دەرگای ئەم تەلیسمە نەکەمەوە وازناهێنم و بۆ خوێنەری ڕۆمانەکەم بە دوایدا دەگەڕێم و ئەم نهێنییەی بۆ ئاشکرا دەکەم.

منیش بۆ زانینی ئەم نهێنییەی شاناز کۆڵم نەداو وازمنەهێنا و بەدوایدا چووم، لە دڵی خۆشمدا وتم: مادام من توانیم نهێنی ئەم هەموو چیرۆکەی ماڵی کوێرە ئاشکرا بکەم و بینووسمەوە نابێ بۆ زانینی ئەم نهێنییەش دەستەوەستان بووەستم و خۆم تەسلیمی نەبوون ناکەم، بڕیارمدا کە دەبێ بگەمە ئەنجامی ئەم چیرۆکە و نهێنییەکە بدۆزمەوە و دەبێ ئەم بەشەی ڕۆمانەکەش بە مەراقەوە بدەمە خوێنەری خۆم، بەمەش هەموو ئەندامانی خێزانی کوێرە هەریەکە و چیرۆکی خۆیان دەبێت و هەموو چیرۆکەکانیش پێکەوە دەبن بە بنیادی ڕۆمانەکە دواییش دوا چیرۆکی ئەم ڕۆمانەم، چیرۆکی کوێرە خۆی دەبێت.

چەند شەوێک بیرم کردەوە چۆن بگەمە دۆزینەوەی ئەم نهێنییە، دواتر دوای بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر بیرم بۆ ئەوە چوو کە مادام ئەم کارە پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە، بێگومان هەر تەنیا بە ئافرەتیش چارەسەر دەکرێت و هەر ئافرەتیش دەتوانێ ئەم نهێنییە ئاشکرا بکات.

لەگەڵ خەڵات ڕێککەوتین کە من چەند ڕۆژێک هیچ شتێک لە ماڵی کوێرە نەپرسم و وازیانلێبێنم، بەڕۆژیش بچمە دەرەوەو تا ئێوارە نەگەڕێمەوە ماڵ و کوێرەش لە بەیانییەوە لە ماڵ دەچێتەدەر و تا ئێواران ناگەڕێتەوە، ئەوسا لەم ماڵەدا تەنیا شاناز و خەڵات دەمێننەوە، ئەمیش چەند ڕۆژێک بە پرسیار لێی بچێتە پێش تا لە نهێنی شاناز بگات و بەڵێنی ئەوەی بداتێ نهێنییەکە لای باوکی باس نەکات. چەند ڕۆژێک خەڵات هەوڵی لەگەڵ شانازدا، بەڵام کە ئەو داوای کردنەوەی گرێکوێرەی ئەم نهێنییەی لێدەکرد ئەو دەستی بە گریان دەکرد و دەیگوت: لێگەڕێ، بەردێکی لەسەر دانێ، ئەم باسە هی ئەوە نییە لای کەس باس بکرێت و حەزیش دەکەم کە مادام پەیوەندی بە چارەنووس و داهاتووی خۆمەوە هەیە با هەروا دەرگای ئەم نهێنییە نەکەمەوەو هەروا لای خۆم بە داخراوی بمێنێتەوە. سەرەنجام زۆر هەوڵی لەگەڵدا، بەڵام ئەو چارەنووسی بە هێشتنەوەی ئەم نهێنییە گرێدراو بوو، نەیوێرا گرێکوێرەی ئەم نهێنییە بۆ خەڵات بکاتەوە، چونکە دەیزانی ئەگەر خەڵاتیش بەڵێنی ئەوەی پێبدات لای باوکی واتە کوێرە نەیدرکێنی، ئیتر من وەک پاڵەوانێکی ئەم ڕۆمانە و بگێڕەوەی هەموو شتزان، ئیتر ئەم نهێنییە لە ڕۆمانەکە دەدرکێنم و دواییش کە بڵاوبووەوە، ئەگەر من ناوەکانیش بگۆڕم، خەڵک کە بەسەرهاتەکانی ماڵی کوێرە دەخوێنێتەوە، کاراکتەرەکان دەناسنەوەو دەزانن کە باسی ماڵی ئەوان کراوەو نهێنییەکەی شانازیش لەناو ئەم ڕۆمانەدایە، بۆیە خەڵات

هەرچەندی کردی ئەو ئەم نهێنییەی بۆ نەدرکاند نەوەک بخرێتە ناو ڕۆمانەکە و ئاشکرا بێت، ئیتر چارەنووسی ئەویش دەکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام من وەک ڕۆماننووس و بگێڕەوەی هەموو شتزانی ڕۆمانەکەش ئازادم لەوەی ئەم نهێنییە بۆ خۆم چۆن لەم ڕۆمانەدا دروستی دەکەم، بەڵکو بۆخۆم ئەو هەستپێکردن و گومانەی کە هەمە و تەخمینی دەکەم وابێت بێ درکاندنی شاناز لە بیرۆکەی خۆمەوە، بۆخۆم لەم ڕۆمانەدا دەیئافرێنم و خۆم ئەم بەشەی ڕۆمانە بە خەیاڵی خۆم دەنووسمەوەو چیم بە خەیاڵدا دێت وای دەنووسم کە دەبێ نهێنییەکەی شاناز بەم شێوە بێت.

ئیتر ئەم نهێنییە لەلای من بەم شێوە دەبێت کە بۆتان دەنووسم:

من، (سابیر ڕەشید)ی ڕۆماننووس لەلای خۆمەوە لەم نهێنییەی شانازدا گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو کچە لەلایەن کوڕێکەوە لە خشتە برابێت و ئەو کچە کەوتبێتە ناو تۆڕی ناپاکی ئەمەوەو کچێنی لەدەست دابێت و دواییش بەجێیهێشتووە، ئەم کچەش ناتوانی هیچ بکات بەرانبەر ئەو کوڕە خۆ ڕەنگە کوڕەکە لەم شارەش نەمابێ و بەرەو هەندەران چووبێت یانیش زۆر دەوڵەمەندەو شاناز دەزانێ دەرهەقی نایەت نە بە شکایەت و نە بە یاسا، ئیتر باوکیشی ئەگەر بزانێ ئەو کچێنی لە دەستداوە هەروا وازیلێناهێنێ ئیتر ئەویش بەهۆی کۆکردنەوەی کەسوکاری تۆڵە دەکاتەوەو ڕەنگە شانازیش بکوژێت.

بۆیە شاناز هەرچەندی هەوڵی لەگەڵ درا ئەم نهێنییەی نەدرکاند، چونکە بۆ ئەو مانەوەی بەم شێوەیە هەم خۆی و باوکی دەپارێزێ و هەمیش ئەم برینە بەم شێوەیە ئەو هەڵیبژاردووە سارێژ دەبێت، بۆیەش ئەم چارەنووسەی خۆی بەم شێوەیە هەڵبژارد.
چیرۆکەکەی شاناز کە من دەیئافرێنم بەمجۆرەیە:
ئەو کچە کاتێ کە لە قوتابخانە بووە حەز لە کوڕی دەوڵەمەندێک دەکات. سەرەتا کوڕەکە وا خۆی نیشاندەدات کە زۆری خۆشدەوێ و بێ ئەو ناتوانێ بژی و بەردەوام بە ئۆتۆمبێلی گرانبەها لە دوای قوتابخانە هەڵیگرتووەو پیاسەی پێکردووە، جارجاریش بەناو لە قوتابخانە بوونە، بەڵام هەردووکیان نەچوونەتە قوتابخانە و لە هەولێر چوونەتە دەرەوە.
شانازیش زۆر خۆشیویستووەو بڕوای تەواوی پێ هەبووە، چونکە کوڕەکە بەڵێنی پێداوە بیهێنێ، بۆیە خۆشەویستییەکەیان لە ماچ و ڕاموسانەوە زیاتر تێپەڕیوە.
ڕۆژێکیان دەچنە دەرەوەی هەولێر و بەرەو شارێکی تری گەشتیاری دەچن، کوڕەکە کابینەیەکی گەشتیاری بەکرێ دەگرێت و شانازیش لەوێ دەکەوێتە ناو تۆڕی بەناو خۆشەویستی ئەو کوڕەوە، بۆیە هەر ئەمڕۆژە کار لە کار ترازاوە.
کوڕە بەڵێنی هێنانی پێدەدات، دوو مانگ زیاتر کاری خۆی لەگەڵدا ئەنجامدەدات هەر لە ماوەی ئەم دوو مانگەشدا کوڕەکە کاری خۆی ڕێکدەخات و بەرەو هەندەران

بەڕێدەکەوێ. دوایی شاناز لە ڕێگای برادەرێکییەوە دەزانێ کە ئەو کوڕە عاشقێکی ساختە بووەو ئەو کوێرانە دوای کەوتووە.
دوای ئەوە زانی تازە کار لە کار ترازاوەو ئیتر یاخەی کێ بگرێ. دەیزانی ئەگەر ئاشکرای بکات ئیتر ژیانی ئەویش دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەگەر یاخەی دایک و باوکی کوڕەش بگرێت دەیزانی ئەوان بڕوای پێناکەن و ئیتر کوڕەکە گەیشتۆتە هەندەران و هیچ شتێک دادی نادات.
هەر ئەوەندەی لەدەست هات بەهۆی دکتۆرەیەکی ئافرەتانەوە خۆی لە مەترسی منداڵ بوون ڕزگار بکات، ئیتر دەبووایە خۆی کڕ بکات و کوڕەکە بداتە دەست خودا و پێغەمبەر. ئیتر تاکە بڕیار و چارەسەریشی تەنیا و تەنیا هەر ئەوەندە بێت کە بەهیچ شێوەیەک شوو نەکات و بیانووشی بۆ باوکی ئەوە دەبێت: کە ئەو پیاوێکی کوێرەی بێ کەسوکارەو ئیتر ئەو چۆن دەتوانێ بە تەنیا جێیبهێڵێت، بۆیە بڕیاری لەگەڵ باوکی هەر ئەوەبوو کە ئەو بۆ ئەم ببێتە بناوانی و تا ماوە خزمەتی بکات.
کە باوکی بۆ سەید بێستوونی ئەندازیار پێی خۆش بوو زەماوەندی لەگەڵدا بکات مادام ئەو ڕازی دەبێت ئەویش لەگەڵ ئەواندا لەماڵێکدا بژین، بەڵام وەک ترسێک لە پیاو و وەک ترسێک لە ئاشکرابوونی نەمانی کچێنی وازی لەم بیانووە نەدەهێنا کە ئەو بە تەنیا بێت لەگەڵ باوکی زیاتر دەتوانێ خزمەتی بکات.

ئیتر نە ئەو چیتر ئەو کوڕەی بینییەوە کە توانی بە ناوی خۆشەویستییەوە کچێنی بدزێت و چیتر بڕوای تەواوی بە چ پیاوێک نەمێنێ ئەم ترسە تا کۆتایی ژیانی بێ شووکردن بیهێڵێتەوە و چیتریش هیچ هەواڵێکی ئەو کوڕەی نەزانی، تەنانەت نەشیزانی لە چ وڵاتێکی دنیا گیرساوەتەوە.

تەنیا ئەو کوڕە توانی شاناز لەناو حاڵەتێکی دەروونی رووخاو و پارچە پارچە بوو جێبهێڵێ، کوڕەش هیچ هەست و سۆزێکی بۆ ئەو کچە نەبزوا، تەنانەت رۆژێک لە رۆژان بە خەیاڵیشی دانەهات کە ئافرەتێکی بەناوی شاناز خۆشویستبێ، بۆیە ئەم لاپەڕە نهێنییانە هەروا بە داخراوی لەناو دڵی شانازدا مانەوە، ئەوەی زانیشی تەنیا خۆی بوو لەگەڵ کوڕەکە، بەڵام من و خەڵات بە تەماشاکردنی حاڵەتی دەروونی و زۆر داڵغەلێدان و رق لێبوونەوە لە پیاو و ترسان لە مێردکردنەوە و بە لێکدانەوەی خۆمان ئەم چیرۆکەمان بۆ شاناز دانا و ریشی تێدەچێت وابێت. ئیتر ئەوە ڕۆمانە و من وەک پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە و بگێڕەوەی هەموو شتزانیش دەتوانم چیرۆک و رووداو بۆ خۆم دروست بکەم و مەرج نییە هەموو شتێک وەک خۆی دەقاودەق بگوازمەوە، چونکە ئەگەر وامکرد خوێنەری زیرەک گاڵتەم پێدەکات و دەڵێ ئەوە چ ڕۆماننووسێکە چیرۆکی خۆی و خەیاڵی خۆی لە ڕۆمانێکدا نەبێت، بۆیە منیش ئەو چیرۆکەم بۆ شاناز ئەفراند، چونکە رێی تێدەچێ و لەگینە لە واقیعدا شتی وەها رووبدات بۆیە ڕۆماننووس

ئـازادە کـە واقیـع چ وەک خـۆی بگوازێتـەوە چ دەسـتکاری بـکات و خـەیاڵـی خۆشـی بخاتـە سـەر منیـش هـەروام کـردووە، ئەگـەر خوێنـەری زیـرەک لێـی وەرگرتـم ئـەوا منیـش بەختـەوەر دەبـم.

# کوێره

**له ئەرەستۆیان پرسی: جوانی چییه؟**
**وتی: ئەم پرسیاره له کوێران دەکرێ.**

ئـەوەی لـە هەمـووی زیاتـر لەلامـەوە گرینـگ بـوو بـۆ نووسینی ئـەم ڕۆمانـە چیرۆکـی کوێـرە خـۆی بوو، چونکـە وەک ناونیشـانی ڕۆمانەکـەش (کوێـرەی چاوسـاغ)ە، بۆیـە دەمـەوێ خوێنەریـش لـەم مەراقـە ببەمـەدەر، تابزانـێ ئـەم پیاوە بەچی کوێر بووەو بۆچی خەڵکی پێیدەڵێن چاوساغ ئـەو تـووڕە دەبێـت، بۆچـی بـە سـروودی ئـەی ڕەقیـب و ستایشـی کـورد و کوردسـتان و حکوومەتـی هەرێـم ئـەو تـووڕە دەبێت و کاتێک کـە گوێـی لـەم شـتانە دەبێت ئـەو لـە ڕقان جوێن بـە حکوومەتـی هەرێمـی کوردستان دەدات و لێـی بووەتـە حاڵەتـی دەروونـی، دەبـێ چ سـەربردەو ڕووداوێکـی گـەورە لـە پشـت ئـەم نەهامەتییانـەی کوێـرە بن، دەبـێ چ مەینەتییـەک لـە پـاڵ کوردبوونـی ئـەوەوە هەبێـت. ئێمـە زانیمـان ژن و مەهابـادی کچـی بەهـۆی پێشـمەرگایەتی

کوێرەوە، یەکێکیان مردو کچەکەشی بەهۆی ئەو زوڵمەی لە مێیاتیدا لێیان کرد خۆی خنکاند و مردنی بۆ داپۆشینی ئابڕوی خۆی هەڵبژارد. هەردوو کوڕەکەشی ئاسۆ و ئاوات پێشمەرگەی دوو حیزبی رکابەری یەکتر بوون، یەکێکیان لە شەڕی براکوژیدا گوللەباران کراو یەکێک لەو کەسانەی کە گوللەبارانیان کرد براکەی خۆی بوو، دواییش رزگاری بوو و سەرەنجام هەر براکەی خۆی بە گرتنیداو چارەنووسی دیارنەما.
دواییش چۆن ئاسۆ ژنەکەی خیانەتی لێدەکات و ئەویش واز لە حیزب و پێشمەرگایەتی دێنێ و رێگای هەندەران دەگرێتەبەر و دواییش لە ئۆتۆمبێلێکی کەپس لە نێوان هەنگاریا و نەمسا گیان دەسپێرێ و لە رێگایەکی نێوان ئەم دوو وڵاتە گۆڕغەریب دەبێت.
پێشتریش چیرۆکی بایز ئاغای برای کوێرەم بۆ گێڕانەوە، کەواتە ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە بنەماڵەی کوێرە هەموویان بوونەتە قوربانی کوردایەتی و کوردبوونەوە، هەر بۆیەشە کوێرە وەک کاردانەوەیەک کە رەنگە لە پاڵ ئەم هەموو کوردایەتییە و قوربانیانەی کە داویانە هیچییان بۆ نەکردبێت، بۆیە پەرچەکردارەکانی هەموو دژی کوردایەتی و کوردبوونەوەیە.
دەبا بزانین چۆنە، بێگومان هەتا چیرۆکی کوێرەش نەگێڕینەوە نازانین ئاخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە راستە، یان نا. کە من وەها تێگەیشتووم، بەڵام ئەو وەڵامانە هەمووی دوای چیرۆکی خۆی دەبێ بدرێتەوە بە خوێنەرانی ئەم ڕۆمانەش دەڵێین کە پەرچەکردارەکانی

کوێرە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن.
بەهەر حاڵ بۆ چیرۆکی کوێرە دوو شەو لەگەڵیدا دانیشتین تا بە تەواوی چیرۆکی خۆی بۆ گێڕاینەوە. کوێرە پیاوێکی تا بڵێی زیرەک بوو، ئەو چاوەکانی قووڵ نەبوون وەکو کوێرەکانیتر، بەڵکو خاوەن دوو چاوی زەق بوو و چاویلکەشی نەدەکردە چاوەکانی. ئەگەر لە دوورەوە تەماشات بکردبووایە نەتدەزانی ئەو کابرایە کوێرەیە. ئەو پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە بوو، هەموو بەیانیان ریشی خۆی دەتاشی ئینجا دەهاتە دەرەوە، سمێڵێکی تێکەڵاوی لە مووی ڕەش و سپی بوو و بەردەوام قژی خۆی سفر دەکرد و مووە سپییەکانی سەری بە کڵاو و جەمەدانی دەشاردەوە. هەمیشە کورتەک و شەرواڵ و پشدێنێکی گوڵ گوڵی دەبەستا و ڕێک و پێک و خاوێن بوو.
ئەو بێ گۆچان بەڕێدا دەڕۆیشت تەنیا دەستەکانی دەدایە پێش خۆی تا ئەگەر بەر شتێک بکەوێت بزانێ چییە، هەموو ڕێگاکانی خۆی کە پێیدا دەهات و دەچوو شارەزابوو، من وای بۆ دەچم هەر لەبەر ئەوەشە پێیدەڵێن چاوساغ، چونکە وەک کوێران گۆچانی بەدەستەوە نەبوو، وەک کوێران چاویلکەی رەشی لە چاو نەبوو، وەک کوێرانیش بەپێ خشکە نەدەڕۆیشت، ئەمانەش هۆی ترن کە ناویان ناوە چاوساغ، بەڵام بە وشەی چاوساغ قەڵس دەبوو، جوێنی دەدا وەک ئەوەی ناڕاستەوخۆ پێیبڵێن: تۆ درۆ دەکەیت و چاوەکانت ساغن و کوێرەنیت، یان وەک ئەوەی پێیبڵێن: تۆ نواندن دەکەیت

و بە ئەنقەست خۆت کوێر کردووە تا سۆزی خەڵک بۆ خۆت ڕاکێشی، بەڵام کەس لە دەردی ئەو نەدەگەیشت، کەس نەیدەزانی ئەو چەندجار جەرگی سووتاوە، ئاخر ئەو کارەسات و مەینەتییانەی کە بەسەر ئەو و خێزانەکەیەوە هاتوون، ئەگەر بەسەر هەر خێزانێک، یان یەکێکیتر هاتبان نەیاندەتوانی جوولەش بکەن، بەڵکو دەبووایە هەر بۆ حاڵی خۆیان بگریابووان.
منیش زۆر مەراقم کرد هەرچی زووە چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسمەوە تا بزانم ئەو خەڵکە لەگەڵیدا لەسەر هەقن کە پێیدەڵێن چاوساغ، یان سروودی ئەی ڕەقیبی بۆ دەڵێن، یانیش ستایشی کورد و کوردستان دەکەن، یان بڕی حکوومەتی هەرێمی بۆ دەڵێن ئەو بەم دەربڕینانە تێکدەچێ و جوێن دەدات، یانیش ئەوەیە ئەو خەڵکە هیچیان لە نهێنی ئەو پیاوە نازانن و تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێن و لایان وایە ئەو پیاوە کەسێکی ساختەچی و فێڵبازە! من وەک لە دەمی خۆیەوە بیستوومە وەها وەک خۆی چیرۆکەکانی پڕ لە کوێرەوەریتان بۆ دەگێڕمەوە: کوێرە وەک پێشتریش بۆم باسکردوون ناوی خۆی سیامەندە وەک بنەچەش کە چیرۆکی بایز ئاغای براکەیم بۆتان گێڕاوەتەوە لە کۆنەوە خەڵکی مەهاباد بووەو دوای کەوتنی کۆماری کوردستان هاتۆتە هەولێر. ئیتر لێرە لەمدیوەی کوردستان گیرساوەتەوەو چەند ساڵێک کاری کرێکاری کردووە دواییش بووە بە وەستای دیوار و دوای ئەوەش وازی هێناوەو لە بازاڕ دووکانێکی سەعاتچیاتی داناوەو بووە بە وەستای چاککردنەوەی

سـەعات، زۆریـش لـە کارەکەیـدا کارامـە و زیـرەک بـووە. لە ساڵی ١٩٦٣دا کە حەرەس قەومییەکان هاتنە کوردستان و غەدریـان لـە خەڵـک دەکـرد و لـە گۆتـرە و هـەر لەبـەر کوردبوونیـان بـە هـەوای نەفـەس خەڵکیـان دەکوشـت، ئـەو ئەوکاتـە بەرگـەی زوڵمـی ئەوانـی نەگرتـووەو مـاڵ و منداڵـی خـۆی جێهێشـتووە و روویکردۆتـە چیـا و بووەتـە پێشـمەرگە تـا سـاڵی ١٩٧٠ کـە بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری لـەو سـاڵە بڵاوکرایـەوەو ئاگربەسـت پەیدابـوو لەنێـوان حکوومـەتی بەعـس و شـۆڕشـی کـورد دەنگـی شـەڕ کـپ کرایـەوە، ئەویـش ئەوسـا وەک زۆربـەی پێشـمەرگەکانی شـۆڕش گەڕاوەتـەوە هەولێـر و هاتۆتـە نـاو مـاڵ و منداڵەکانـی خـۆی.

کـە هاتـەوە، منداڵەکانـی خەریکـی خوێنـدن دەبـن و ئەویـش دووکانێکـی سـەعاتچیاتی دادەنێتـەوەو جارێکیتـر خەریکـی کاسـبی دەبێـت. کوڕەکانـی ئاسـۆ و ئـاوات نیـو دانـە رۆژ دەچنـە قوتابخانـە و نیـو دانـە رۆژەکـەش کاری دەسـتگێڕی و حەماڵـی دەکـەن. مەهابـاد و شـانازیش ئەوکاتـە لـە قوتابخانـە بوونـە.

بەهەرحـاڵ بەخـۆی و دوو کوڕەکـەی پـارەی خانوویـەک کۆدەکەنـەوەو ئـەو خانـووەی ئێسـتا کوێـرەو شـانازی لێیـە و ئێمـە کرێچـی ژوورێکـی ئەوانیـن، دەکـڕن و لـە کرێچیاتـی رزگاریـان دەبێـت.

لـە سـاڵی ١٩٧٤دا کـە ئاگربەسـتی نێـوان حکوومـەت و شـۆڕشـی کـورد تێکدەچـێ، ئەویـش لـە خـۆی دەترسـێ و جارێکیتـر روودەکاتـەوە شـاخ، بـەڵام ئەمجارەیـان چیرۆکـی

تراژیدیاکە لێرەوە دەستپێدەکات.
ئەمجارەیان لە چەندان شەڕدا ئەو وەک پێشمەرگەیەکی پسپۆڕ و کارامە و شارەزا لە شەڕ، لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی پێشمەرگایەتی خۆیدا داکۆکی لە خاکی خۆی دەکات تا پلەی پێشمەرگایەتی بەرزدەبێتەوەو دەبێتە سەرپەل. ئەوەی کەلێشی دەگێڕنەوە ئەوەیە کە لە شەڕەکاندا بە پێوە شەڕی کردووە و گوللەی خۆی بە خەسار نەداوەو لەمبارەشەوە دەیگوت:
ڕۆژێکیان لە شەڕێکی دەستەویەخەی نێوان پێشمەرگە و دوژمندا، کە حکوومەت بە سەرباز و جاش و جەیشی شەعبی پێکەوە هێرش دەکەنە سەر چیای سەفین، لەم شەڕەدا برادەرەکانیان هەموو شەهید دەبن تەنیا سیامەند و پشکۆ ناوێک ماونەتەوە. کوێرە دەیگوت: پشکۆ قاچی خۆی بەستاوەتەوە تا ڕانەکات، بە هەردووکیان تۆزێک هێرشی دوژمن ڕادەگرن و ناوێرن لێیان نزیک ببنەوە، کەچی لەملاوە فڕۆکەیەکی جەنگی بۆردومانیان دەکات. لەم بۆردومانەدا پشکۆ بریندار دەبێت و سیامەندیش چەند ساچمەیەک بە سەرکی و لاشانەکانی دەکەون. ئەو لە گەرمەی شەڕ و گەرمی برینەکانی هەست بە هیچ ناکات، لەناکاو چاوەکانی پێش خۆیان نابینن و بینایی نامێنێ.
پشکۆش هیچی لانییە، برینەکانی خۆی بە میزی خۆی دەبرژێنێتەوەو پارچەی پشتێنەکەی لە برینەکانی دەئاڵێنێ، بە بریندارییەوەش وردە وردە تەقە دەکات، دوایی سیامەند لە پشتی خۆی دەکات و ناوە ناوەش دایدەنێ و تەقە

دەکات تا لە سەنگەرەکە دووردەکەوێتەوە، تا سەرباز و جاش و جەیشی شەعبی دەگەنە ئەو سەنگەرە، ئەوان دەگەنە هێڵی پشتەوەی جەنگ.
دوایی چەند ڕۆژێک پشکۆ وردە وردە برینەکانی چاک دەبێتەوەو دەیکەنە ئێشکگری بارەگاو سیامەندیش دەنێرنە تاران و بۆ چارەسەری چاوی دەیبەنە لای دکتۆرێکی باشی چاو لە تاران، بەڵام هیچ چارەی نییە و هیچیان بۆی پێناکرێ، چاوەکانی بە ساغی دەمێننەوە، بەڵام نابینا دەبێت. کوێرە چەند مانگێک لە بارەگا ئاگایان لێدەبێت و جلی بۆ دەشۆن و خزمەتی دەکەن. کوێرە دەمێنێتەوە تا حکوومەت بڕیارێکی لێبووردن دەردەکات، ئەوسا ئاسۆی کوڕی دێتە دوای و دەچێتەوە هەولێر و خۆی رادەستی حکوومەت دەکات و دوایی دەینێرنەوە ماڵەوە و واز لە ژیانی پێشمەرگایەتی دێنێ و لەناو ماڵ و منداڵەکانی خۆیدا دەژیت.
کوێرە ماوەیەک بێ ئیش دەبێت و نازانی چی بکات، دوایی دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی کۆنی خۆی کە سعاتچی بووە، لەبەردەم دووکانێکی ناسیاویدا مێزێکی سعاتچیاتی دادەنێ. دووکاندارەکە سۆزی بۆی دەجوولێ و یارمەتی دەدات و نیوەڕۆش کە لە ماڵەوە نانی بۆ دێ لەگەڵ خۆیدا دایدەنیشێنێ. دووکاندارەکە بەیانیان مێزەکەی بۆ دێنێتە دەرەوەو ئێوارانیش بۆی دەباتە ژوورەوە. خەڵکەکە هەندێکیان کە دەزانن کوێرە، ناوێرن کاتژمێری خۆیانی لا چاک بکەنەوە، دوایی وردە وردە برادەر و ناسیاو و جیران و دۆستانی رووی تێدەکەن و وەک یارمەتییەک

کاتژمێری خۆیانی لەلادا چاک دەکەنەوە.
ماوەیەک بەمجۆرە ڕۆژەکانی بەڕێدەکات، خەڵکەکە ئەوانەی دێنە لای کاتژمێری لەلا چاک دەکەنەوە زۆر پێیان سەیرە کە دەزانن ئەو پیاوە کوێرەو سعاتچییە، ئەم کارە وردە دەکات، سەریان سووڕدەمێنێ کە چۆن کوێرێک کاری سعاتچیاتی دەکات تەنیا بەدەست لێخشاندن دەزانێ کارەکەی خۆی بکات، دیارە هەر ئەوکاتە بووە کە پێیان وتووە کوێرەی چاوساغ، زۆر کەسیش تا لە ڕێگادا نەڕۆیشتبا بڕوای بەمە نەدەکرد کە ئەم پیاوە کوێرە، چونکە هیچ نیشانەیەکی کوێرایەتی پێوە دیار نییە، نە گۆچان هەڵدەگرێ و نە چاویلکەی ڕەشیش لە چاو دەکات و چاوەکانیشی وەک کوێران قووڵ نەبووە و نەڕژاون، بەڵکو تەنیا و تەنیا لە ڕێگادا قاچەکانی تۆزێک سست بەدوای یەکدا ئاودیو دەکات و دەستەکانی دەداتە پێش خۆی تا بزانێت لە پێش خۆیدا چی هەیە و بیناسێتەوە. ئەوەبوو چیرۆکی کوێرەو چیرۆکی ئەم نازناوەی کە بۆچی پێیانگوتووە چاوساغ، بەڵام بۆچی جوێن دەدات و پێی ناخۆشە باسی کورد و کوردستانی گوێ لێبێت، یان کە سروودی ئەی ڕەقیبی بۆ دەڵێن ئەو جوێن دەدات، یانیش بە ناوهێنانی حکوومەتی هەرێم ئەو تێکدەچێت و جوێن دەدات، بەڵام ئەگەر جوێن بە پێشمەرگە بدرێت، یان خراپ باسی بکرێت ئەو یەکسەر هەڵیدەداتێ و وەڵام دەداتەوەو داکۆکی لە ناوی پێشمەرگە دەکات، چونکە ژیانی خۆی هەمووی لەسەر پێشمەرگایەتی داناوەو بۆ پێشمەرگایەتیش

قوربانـی داوە، هـەر لـەو پێناوەشـدا خێـزان و کچەکـەی لەدەسـتداوە، کوڕێکیشـی لـە شـەڕی براکوژیـدا شـوێن بـزر کـراوە و ئـەوەی تریشـی دوای کارەسـاتی خێزانەکـەی وازی لـە کاری پێشـمەرگایەتی هێنـاوەو لـە ڕێـگای هەنـدەران گیـان لەدەسـت دەدات، دواییـش هـەر لـەوێ گـۆڕ غەریـب دەبێـت. من وای بـۆ دەچـم کـە ئـەو پیـاوە بۆیـە ئەوەنـدە لێـی بۆتـە گرێـی دەروونـی، چونکـە ئـەو هەمـوو ژیانـی خـۆی و خێزانـی لەسـەر پێشـمەرگایەتی و کوردایەتـی دانـاوە، بـەڵام دیـارە لەلایـەن حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە هیچـی بـۆ نەکـراوەو وەک پێویسـت ئـاوڕی لێنەدراوەتـەوە، ئـەوەی کـە وەریشـیدەگرێ تەنیـا و تەنیـا مووچەیەکـی کەمـی کەمئەندامانـی سـەنگەرە کـە ئەویـش بەشـی گوزەرانـی خـۆی و کچەکـەی ناکات. بەلای ئـەوەوە دەبووایـە تـا ئێسـتا ڕێزلێنانێکیـان بـۆ خەباتـی نەپسـاوەی ڕێکخسـتبایە، یانیـش مووچەیەکـی شایسـتەیان بـۆ ببڕدایەتـەوە کـە بتوانـێ پێویسـتی بەکارکـردن نەبێـت، چونکـە دەیدیـت دوێنـێ کۆنـە جـاش و کۆنـە مەفـرەزەی تایبـەت بـووە، ئەمـڕۆ لـەم حکوومەتـە بـە وەزیـر و بەڕێوەبـەری گشـتی و بـە پلـەی سـەربازی بـەرز خانەنشـین کـراوە، ئەویـش خەباتـی کـردووە و قوربانـی داوە کەچـی تەنیـا ئـەم مووچـە کەمـەی کـەم ئەندامانـی سـەنگەری بـۆ بڕاوەتـەوە کـە ناکاتـە مووچـەی کەمتریـن فەرمانبـەری دەوڵـەت، بۆیەشـە دڵـی لـەم حکوومەتـەی خۆمـان پڕە و لێـی بۆتـە گرێـی دەروونی، هەربۆیەشـە کـە گوێـی لـە نـاوی حکوومەتـی هەرێـم وشـەی کـورد و کوردسـتان دەبێـت، یـان سـروودی ئـەی ڕەقیبـی بـۆ

دەڵێن، ئەو ئاگای لەخۆی نامێنێ و وەک پەرچەکردار بە جوێن وەڵامی ئەو خەڵکە دەداتەوەو دەڵێ:
– بڕۆن هەی خوێڕینە، پیرۆزتان بێت ئەم حکوومەتە نازدارە، لەوەتەی من بە بیرم دێ و فام دەکەم و گوێم لە ناوی حکوومەتان بووە، لەم حکوومەتەی ئێوە خراپتر و نالەبارترم نەدیوە، لەم حکوومەتە ناعەدالەتترم نەدیوە، لەم حکوومەتە بێ باکتر و پیسترم نەدیوەو گوێم لێنەبووە.
ئەو پیاوە واتە کوێرە پێشتر لەم ڕۆمانەدا باسی ئەوەمان بۆ کردن و وتمان ئەو کە کوێر بووە و دوایی لە سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە دوای لێبووردنێک دێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، ئەوسا هیچ ئیشێکی چنگ نەکەوتووەو گەڕاوەتەوە سەر کاری پێشووی خۆی کە سعاتچی بووە، بەڵام ئێستا دوای ئەوەندە ساڵە حەزمکرد بزانم هەر ئەم کارە دەکات یانیش کارێکیتر، ئەوەی زیاتریش مەبەستم بوو لێم بووە گرێکوێرەیەکی توند بزانم ئەو پیاوە کوێری خۆی کردۆتە ڕێگایەک، یان مەبەستێک بۆ پارە پەیداکردن و مەبەستیشم زیاتر ئەوەبوو بزانم سواڵ دەکات، یانیش کارو کاسبی دەکات، دەمویست بزانم بەیانیان کە دەچێتە بازاڕ و تا ئێوارە ناگەڕێتەوە ئاخۆ چ کارێک دەکات و خەریکی چییە؟
ڕۆژێکیان کە بەیانی لە ماڵ چوومەدەر من بەناوی چوونم بۆ چایخانە بەدوای کەوتم، وردە وردە بەدوای هەنگاوەکانی ئەو دەڕۆیشتم تا گەیشتە دەلالخانە، لەوێ لەپێش دووکانێکدا کە لایەکی تۆزێک بەتاڵ

بوو کارتۆنێکی لەسەر زەوی داناو چەند سعاتێکی لە گیرفانی هێنایە دەرەوەو لەسەر کارتۆنەکە داینان. لەوێ من بەجێمهێشت و تا نیوەڕۆ چوومە چایخانەکەی باغی شار دانیشتم، کە نیوەڕۆ هەڵسام و بەلای شوێنەکەیدا ڕۆیشتم تا بزانم لە کوێ نان دەخوات و چی دەکات. بینیم لە دووکانەکەی کە کارتۆنەکەی لەپێش دانا، دانیشتووەو لەگەڵ ئەوان نان لە سفرتاسەکەوە دەخۆن کە لە ماڵەوە بۆیان هاتووە، ئەوسا زانیم کە ئەو پیاوە لە سعاتچییاتییەوە بۆتە سعاتفرۆش، زۆرم مەراقکرد کە بزانم بۆچی پیشەکەی گۆڕیوە، ئەگەرچی هەردوو پیشەکەش هەر لەگەڵ کاتژمێردایە، بەڵام دیارە هۆکارییێک هەبووە کە لە سعاتچییەوە ببێتە سعاتفرۆش، ئەوەش بۆ شەوم دانا کە لێی بپرسم. ئەوسا زانیم کە ئەو پیاوە واتە کوێرە سەر ڕاستە و خاوەن دەروونێکی پاک و بەرزە و دەست لەبەر کەس پان ناکاتەوەو بە ڕەنجی شانی خۆی دەژی، خۆ دەیتوانی ببێت بە سوڵکەر و پارەی چاکیشی دەست دەکەوت، بەڵام ئەو دڵبەرزی و کەرامەتی ڕێگای نەدەدا، ئەوەی فێریشی بوو بوو لەم نەفس بەرزییە ئەوا لە پێشمەرگایەتییەوە فێری بووبوو. ئەو هەموو جار کە دەچووە سەر گۆڕی مەهابادی کچی کە لەم خێزانەیدا تەنیا ئەو گۆڕی هەبوو تا بچێ فاتیحا و قولوەڵایەکی بۆ بخوێنێ، دەنا گۆڕی بایز ئاغای برای نەبوو، گۆڕی ژنەکەشی کاتێ لە زیندان بوون و کەس نەبوو تەرمەکەی وەرگرێتەوە، شارەوانی شاردیبیانەوەو نەیانزانی کەوتۆتە کوێ، گۆڕی کوڕەکانیشی یەکێکیان

چارەنووسی نادیاربوو و نەیزانی ماوە، یان مردووە، ئەگەر مردووش بێت بێ گۆڕ بوو، ئاسۆشی لە ڕێگای هەندەراندا گۆڕ غەریب بوو، بۆیە هەر جارەی دەچووە سەر گۆڕی مەهاباد لەگەڵ ئەو فاتیحای بۆ هەموویان دەخوێند، کە دەشگریا جارێک بۆ بەختی ڕەشی خۆی و ئەو چارەنووسەی خۆی دەگریا و جارێکیش بۆ زوڵم و ستەمی زەمانە کە ئەو و خێزانەکەی بوونە قوربانی ئەم سەردەمە و دنیایە غەدارە.

ئەمەش بوو چیرۆکی کوێرەی چاوساغ کە وەکو لەسەر شەقامەکەی بەردەم هۆتێل سندباد دیم و بەدوای کەوتم و چوومە ماڵەکەی و بوومە کرێچی و هاوماڵی ئەو تا ژیانی ئەو و خێزانەکەی بکەم بە ڕۆمان و چیرۆکەکانی پڕ لە چەرمەسەری ئەو بنووسمەوە، دواییش ئەم ڕۆژەی کە چاودێریم کرد بزانم چ کارێک دەکات و بزانم هەر لەسەر پیشەکەی خۆیەتی کە سعاتچییە، یانیش پیشەیەکی تر دەکات و دوایی زانیم کە بووەتە کاتژمێرفرۆش.

هەر ئەمڕۆژە کە بەیانی و نیوەڕۆ چاودێریم کرد، دواییش ئێوارە لە دوای بووم تا بزانم هەموو ئێوارەیەک کە دێتەوە لە ڕێگا ئەو خەڵکە وەک هەموو ڕۆژانیتر گێچەڵی پێدەکەن و لێی ناگەڕێن و تووڕەی دەکەن، یان هەر ئەمجارە بووە کە یەکەمجار من دیتم و وایلێکردم بەدواداچوونی بۆ بکەم و ژیانی ئەو بکەمە ڕۆمانی داهاتووم، ئەوەبوو ئەم ئێوارەیە وەک جاری یەکەمی لەسەر جادە بینیم و بەدوایدا چوومەماڵیان و دواییش

بوومە کرێچی و هاوماڵی ئەو.
ئەمجارەش ئەم ئێوارەیە لە هەمان شوێنی یەکەمجار دۆزیمەوە لەپێش هوتێلی سندباد، خەڵکەکە توورەیان دەکرد و پێیاندەگوت:
چاوساغ، چاوساغ
ئەویش جوێنی پێدەدان و وەک ئەوەی بڕوای پێنەکەن کە ئەو کوێرە، یانیش پێیان دەگوت: بژی کورد و کوردستان، بژی حکوومەتی هەرێم.
ئەو دیسان جوێنی دەدا. هەندێکیش لە پشتی دەڕۆیشتن و سروودی ئەی رەقیبیان بۆ دەگوت، ئەویش وەک جاران جوێنی دەداو دەیگوت:
- بڕۆن بە نەعلەت بن لەگەڵ حکوومەتە گەندەڵەکەتان، بڕۆن بەر نەفرەتی خودا بکەون، خۆتان و ئەم حکوومەتە ساوایەتان کە ئەوەندە ساڵەیە حکوومەتە و حوکم دەکات و پڕە لە نایەکسانی کەچی گەورە نەبووە و میللەتەکەی لە برسان دەمرێ، با شەرمەزار بێت ئەم حکوومەتە کە بە سێ مانگ جارێک چارەگە مووچەیەکتان دەداتێ، بڕۆن رۆژێک دێت ئەو خودایە تۆڵەی ئەم ناعەدالەتیەتان لێبکاتەوە، ئەوەی ئەوان کردیان دوژمنیش نەیتوانی لەگەڵمان بکات.
منیش هەر لەبەر رۆڵی کوێرە لەم ڕۆمانەدا ناو لە ڕۆمانەکەم دەنێم (کوێرەی چاوساغ)، ئەگەر ئێوەش چیرۆکی تری لەسەر بنیاد دەنێن، دەتوانن، چونکە ژیانی ئەم کوردە پڕە لە داستانی هەزارانی وەک کوێرەو دەشتوانن، لای خۆتان کۆتایی چیرۆکەکە، یان بەشەکانی

چیرۆکەکە لە زەینی خۆتاندا زیاد و کەمی بکەن، یان چیرۆکی هاوشێوەی ژیان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی (کوێرەی چاوساغ) بکەنە تێهەڵکێشی ڕووداو و چیرۆکەکانی ناو ئەم ڕۆمانە.

من ڕۆمانی خۆم نووسی و بەشدار دەبم لە پێشبڕکێکەی ڕۆمانی کوردی و بەهیوای ئەنجامێکی باش.

## ڕوونکردنەوە بە هەندێک لە ناوی شوێنەکان

**باغی شار:** باغێکی گەورەیە لەناو سەنتەری شاری هەولێر، ئێستاکە جێگای دانیشتن و چایخانەی تەقاویت و بەساڵاچووانە.

**قەڵا:** قەڵاتی هەولێر.

**گۆڕستانی تەیراوە:** گۆڕستانێکە لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر، لە سەنتەری شار نزیکە.

**گەڕەکی تەعجیل:** گەڕەکێکی کۆنە لە شاری هەولێر و لە سەنتەری شار دایە.

**دەڵاڵخانە:** جێگای کۆنەفرۆشی جارانی هەولێر، لە سەنتەری شاربوو، ئێستا بووەتە پارکی سەنتەری شار.

**هوتێل سندباد:** هوتێلێکی کۆنە لە سەنتەری شاری هەولێر دەکەوێتە بەرانبەر قەڵا.

**شێخی چۆلی:** مزگەوتێکی کۆنە لە شاری هەولێر، لە سەنتەری شارە.

**بازاڕی لەنگە:** جێگای فرۆشتنی شتی کۆنە لە هەولێر.

# چاپکراوەکانی نووسەر

١- (( ؟ )) شەش کورتەچیرۆکی کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ کەمال سەعدی، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦، ٣٥ل.
٢- خەونە سەوزەکان، چیرۆک، بەغدا، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، چاپی یەکەم، ١٩٨٨، ٨٠ل.
٣- مەرگی بازنەیی، نۆڤلێت، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز ژمارە (٦)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، ٤٨ل.
٤- بیبلیۆگرافیای چوار ساڵەی گۆڤاری (رامان)، بە هاوبەشی لەگەڵ عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (رامان)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ٤١٣ل.
٥- پێناسەی دەستوور، یاسایی، د. عەبدولڕەزاق ئەلتەعان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی ژمارە (١٢)، هەولێر، چاپخانەی کەوێڵ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ٤٨ل.
٦- دەروازەیەک بۆ هزرنامەی لویس ئەلتۆسێر، هزر، ئۆجیلفی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی

دەزگای سەردەم-کتێبی گیرفان ژمارە (٥٤)، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ٩٤ل.
٧- تاوانباری جەنگ، یاسایی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان ژمارە (٥)، هەولێر، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٤٨ل.
٨- چیرۆکی کوردی-رەخنەو لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری-کتێبی گیرفان ژمارە (٧)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٩٦ل.
٩- ئاوێنە، ١٠٠ کورتیلەچیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران-هەولێر ژمارە (٥٥)، سلێمانی چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٨٠ل.
١٠- ڕۆمانی کوردی-خوێندنەوەو پرسیار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٥٢٩)، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ٣٦٠ل.
١١- گیای سەروەری، چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (٢٩٨)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ٩٤ل.
١٢- پەیژەکانی تاریکی، کۆچیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٨٢٩)، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ٢٥٥ل.
١٣- چیرۆکی کوردی-رەخنەو لێکۆڵینەوە، بە دەستکاری و زیادکردنەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆچاپ و بڵاوکردنەوەژمارە (٢١٧)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی دووەم، ٢٠١٦، ١٦٤ل.

١٤- ئاوێنــە، ١٠٠ کورتیلەچیــرۆک، بــە زیادکردنــی لێــدوان و نووســینەکان لەبــارەی کورتیلەچیرۆکــەکان و وەرگێڕانــی کورتیلەچیرۆکــەکان بــە زمانــی عەرەبــی و تورکمانــی، ئێــران، چاپخانــەی تــاران، چاپــی دووەم، ٢٠١٦، ٢٧٢ل.
١٥- دەســەڵاتی رۆشــنبیری، بابەتــی رۆشــنبیری و سیاســی و یاسایی، ئێران، چاپخانــەی تــاران، چاپــی یەکــەم، ٢٠١٦، ٣٤٤ل.
١٦- شــیری مووســا، ڕۆمــان، هەولێــر، چاپخانەی رۆشــنبیری، چاپــی یەکــەم، ٢٠١٧، ١٩٢ل.
١٧-ئینیســکلۆپیدیای لەتیــف حامیــد بەرزنجــی، لــە بڵاوکراوەکانــی ئەکادیمیــای کــوردی، هەولێــر، چاپخانــەی زانکــۆی ســەڵاحەددین، چاپــی یەکــەم، ٢٠١٧، ٦٢٤ل.
١٧-ســەدرەدین عــارف نوێــکاری چیرۆکــی کــوردی، لــە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپخانــەی ســەردەم، چاپــی یەکــەم، ٢٠١٨، ١١٦ل.